## ئایین و عەقڵانیەتی بەرایی

**نووسینی:**

**فەرەیدون پێنجوێنی**

**نەناســـینەوەی یەکـەمین کۆمەڵـگـەو دەسـتـەوتاقمی ئاییـنـدار" پـەی نـەبردن بـەباری دەروونی‌و کۆمەڵایـەتییان" بـێ مەعریفـەتی بەرامبـەر بـەژیانی ئـابووری و ژینگـەی سروشـتی و سیسـتمی بیرکردنـەوەیان" لەلایەکـەوە نەناسـینەوەو شـێوەنەکردنەوەی مناڵیی ئاوەزی مرۆڤایەتی‌یە.." لەلایەکی ترەوە بوار رەخساندنە بۆ لـێکتر هـەڵپێکان و لـێکتر موتوربـەکردنی ئـایین و خورافـەت (ئەگـەر هـەر لەراسـتیدا ئـایین و خورافـەت لـق‌و پـۆپی یـەکتر نـەبن!)... بۆیـە هـەر جـۆرە هەوڵـدانێك بـۆ پەکخسـتنی ئـەمجۆرە لێکۆڵینەوانە، هەوڵدانە بۆ دەسەڵاتدارکردنی خورافەت و بێ دەسەڵاتکردنی ئاوەزی زانستی.." سیاسەتێکی چەواشەو بڕنەکردووە بۆ حەرامکردنی پرسیار!**

★ ★ ★

**بەهەر حاڵ.." لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین خۆبدەین لە قەرەی پرسیارێکی گرنگ کە ئەمەیە:**

**دەبێـت سیسـتمی بیرکردنـەوە لـەلای یەکـەمین کۆمەڵـگـەو دەسـتـەو تـاقمی (پرسـا!) چۆن چۆنی بووبێت؟**

**هەر لە میانەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە، رەنگە بگەینە ئەو دەرەنجامەیش کە ئایـا ژیـان، مـردن، خـەون، زیندووبوونـەوە، سروشـتـو، دەسـەڵاتدارێتیکردن‌و، سیستماتیزەکردنی رەوتی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە..." هەریەك لەو چەمك و بابەتانـە، بەشـیان چـەند بـووە لـە بەرزکردنـەوەی پرسـیارە سـەرەتاییەکانی ئـاوەزی مرۆڤـی بەرایی‌دا!؟**

**سـەرەتا بـۆ ئـەوەی زەمینـەی وەڵامدانەوەیـەکی تێـرو تەسـەل بـۆ پرسـیارەکەمان خۆش بکەین، زۆر بەکورتی ئاماژە بە قۆناغەکانی مێژووی فکری مرۆڤایەتی دەدەین کە چوار دانەن:**

***قۆناغی سیحر.**

***قۆناغی ئایین.**

***قۆناغی فەلسەفە.**

***قۆناغی زانستی ئەزموونگەرایی[1].**

★ ★ ★

**(رینان) دەڵێت:**

**مێـژووی مرۆڤایـەتی شتێکی نییە بیبەخشێت بەو عەقڵە فەلسـەفیانەی خـەریکی ئەسڵی شتەکانن، جگە لە سێ هەگبەی گرنگ و سەرەکی کە ئەمانەن:**

***مێژووی گریك.**

***مێژووی بەنی ئیسرائیل.**

***مێژووی ڕۆما[2].**

**(جێمس فرێزەر)ی گەورە زانای بواری ئەنترۆپۆلۆجیایش لە ئاست ئەو بۆچوونەدا هەڵوەستە دەکاو دەڵێ:**

دەتوانین (لانی کەم!) مێژووی چوارەمیش زیاد بکەین بۆ سەر ئەو سێ مێژووە کە هەرسێکیان پشت بە بەڵگەی نووسراو دەبەستن" ئەو مێژووی چوارەمەیش، مێژووی مرۆڤایەتی‌یە لەو سەردەمو شوێنانەدا کە نووسینیان تیا نەزانراوە.[3]

بەهەر حاڵ ئێمەیش دەتوانین لەئاست دەستەواژەی (لانی‌کەم)ەکەی (سێر جێمس فریزەر)دا ڕابوەستین و (لانی کەم) مێژووی (ئیسلام)کە ئەمیش دیسان پشت بەبەڵگەو دەقی نووسراو و سرووتگەلێکی تایبەت دەبەستێت" لە ڕیزی پێنجەمدا پۆلێن بکەین.

بۆیە لەم باسەدا ناچارین نموونە لە زۆربەی ئەو کەلتوور و مێژوو و میسۆلۆجیا جیاجیایانە بهێنینەوەو کەم و زۆر لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانە ڕابوەستین کە هەم بابەتەکەی ئێمەو هەم کەلتووری ئایینی و میسۆلۆجیی گەلان پێکەوە گرێ دەدەن.

★ ★ ★

ڕەنگە لە کۆمەڵی کوردەواریدا کەسانێك هەبن فەزڵی زۆربەی هەرە زۆری لایەنە ئیجابیەکانی ژیانی ئەم هەزارەیەی هەندێك لە کۆمەڵگاکانی ئێرەو ئەوێی سەر ڕووی زەوی بگێڕنەوە بۆ ئایینە یەکتاپەرستەکان، بەتایبەتی بۆ ئایینی ئیسلام و... پێیان وابێت مرۆڤی پێش سەرهەڵدانی ئایینە یەکتاپەرستەکان، مرۆڤێکی تەواو بێ عەقڵ و بێ دین و بێ ئەخلاق و بێ یاسابووەو... مرۆڤی ئێستای سەر بە کەلتوورە سادەکانی بەرایی‌ی‌مێژوو، جۆرە مەخلوقێکە لەخوار پلەو پایەی مرۆڤەوە!

بۆیە پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئەوەیش بڵێین کە ستراتیژی بەشی سەرەکیی ئەم بابەتەمان، بریتی دەبێت لە دامەزراندنی جەدەلێکی زانستی لەگەڵ ئەو جۆرە بینینە تەسکەدا!

★ ★ ★

(مالینۆفسکی) دەڵێت: هیچ کۆڕو کۆمەڵێکی سەرەتایی نییە، بێ بەش بن لە ئایین و سیحرو جۆرە نەزعەیەکی زانستی.[4]

بێگومان ئەمە قسەیەکی هەروا ئاسان و سادە نییە، کەسێکی وەك (مالینۆفسکی) لەگۆترەو بێ پشت بەستن بە توێژینەوەی ووردی زانستیانە، لە ئەندێشەیەکی فەلسەفی و شەخسی‌یەوە فڕێی دابێت!

بەپێچەوانەوە، ئەوە ڕای کەسێکە کە پاش لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی ووردی مەیدانی گەلاڵەی کردووەو پێی گەیشتووە.

ئێمە وەکو خۆمان ئەم تێزە بەشتێکی گرنگ دەگرین و پشت گوێی ناخەین، چونکە بەشی زۆری قسەو بۆچوونەکانمان لەسەر ئەو تێزە ڕاگیر کردووە" بەڵام بەر لەوەی بچینە ناو ووردەکاریی ئەو مەسەلەیەوە، پێمان باشە کەمو زۆر لەسەر هەریەك لەم بابەتانەی خوارەوە ڕابوەستین:

*ئایین.

*قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژووی فکری مرۆڤایەتی.

★ ★ ★

## ئایین

چەمکی ئایین، چەمکێکە لەو چەمکە فرە پێناسەکراوانەی کە بەقەد ژمارەی ئەو کەسانەی لەبارەیەوە دوواون و نووسیویانە، پێناسەی هەیە! لەناو ئەو پێناسە جیاجیایانەدا، پێناسە هەیە زانستیانەیە و هەیشە لە دیدێکی فەلسەفیی تایبەتی‌یەوە هەڵهێنجراوەو ئەوەندەی رایەکی شەخسیی خاوەنەکەیەتی" ئەوەندە پێناسەیەکی گشتگیری زانستیانە نییە.

بێگومان بۆ ئەوەی هیچ لایەکمان بەهەڵەدا نەچین، دەبێت ئەو پێناسەیەی کە لە دیدێکی فەلسەفیی تایبەتی‌یەوە کراوەو کورتکراوەی توێژینەوەیەکی هەمەگیرانەی دیاردەی ئایین نییە" جیا بکەینەوە لەو پێناسەیەی کە (لانی کەم!) کورتکراوەی توێژینەوەی یەکێك لە ئایینە زۆروزەبەنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌یە.

پێویستە ئەوەیش بڵێین: هەندێك لەو پێناسانەی بۆ ئایین کراون، ئەگەرچیش زانستین، بەڵام لەراستیدا بەو مانایە نەء کە دواجار سەرجەم چەمکی ئایین بەمانا گشتگیر و هەمە لایەنەکەی لە خۆیاندا کورت بکەنەوەو جێی هەموو ئایینە جیاجیا و کۆن‌و تازەکان لەخۆیاندا بکەنەوە.

رەنگە ئەم خەسڵەتەی پێناسەکانی چەمکی ئایین، خۆی لە خۆیدا یەکێك بێت لە خەسڵەتەکانی چەمکی ئایین و... پەیوەندیی بە ڕەهەندە زەمەنیەکەی ئایین و بەو دۆخە گۆڕاوەوە هەبێت کە دواجار لەبەرەنجامی پرۆسەی گەشەی مێژووەوە، بەسەر ئایین و سەرجەم چەمکەکانی ژیاندا هاتووەو دێت!

بەهەر حاڵ کەم نین ئەو گفتوگۆو چەندو چوونانەی لەسەرپێناسەکردنی چەمکی ئایین کەوتونەتە نێوان کۆمەڵناس‌و فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلۆجیست و مێژوونووسانی ئایینەوە.

سێر (جێمس فرێزەر) دەربارەی ئەو چەمکە دەڵێت:

(داڕشتنی یەك تاقە پێناسە کە بتوانێت سەرجەم ئەو بیروڕایانەی دەربارەی ئایین بەیەکتریدا هەڵپڕژاون، رازی‌بکات" کارێکە لەتوانادا نییە دەستەبەر بکرێت! لێرەدا هەموو ئەوەی کە توێژەرەوە دەرەقەتی بێت، ئەوەیە: بەووردی دیاریی بکات مەبەستی لەووشەی ئایین چییە؟ پاشان لەڕێی توێژینەوەکەیەوە –یاخود لەڕێی کتێبەکەیەوە– بکەوێتە بەکارهێنانی ووشەکە بەو مانایەی کە لەسەرەتاوە بۆی دیاری کردووە.)[5] ...

هەر (فرێزەر) لەسەر وەها بنەمایەك، دەڵێت:

(ئێمە وەها لەئایین دەگەین کە بریتی‌یە لە پرۆسەی رازیکردنی هێزگەلێکی باڵاتر لە مرۆو داوای یارمەتیکردن لەو هێزگەلە کە وا باوەڕدەکرێت ئەو هێزگەلەیە تەحەکوم بەسروشت‌و ژیانی مرۆڤایەتی‌یەوە دەکات.. ئەم پرۆسەیەیش دوو ڕەگەز دەگرێتە خۆ: یەکێکیان تیۆری و ئەوی دیکە پراکتیکی.. یەکەمجار باوەڕبوون بەهێزگەلێکی باڵا لە ئارادایە، ئەوجا بەدوایدا هەوڵی رازیکردنی ئەو هێزگەلە دێتە ئارا... ئایین بەبێ بوونی ئەو دوو ڕەگەزە، دروست نیە" چونکە بڕوابوونێك کە کردەوەی بەدوادا نەیەت، تەنها لاهوتێکی فکری‌یەو هیچی تر! هەروەها مومارەسەو کردەوەگەلێکی رووتی بەدەر لە بڕوابوونیش، ئایین نییە)[6].

فەیلەسوف و کۆمەڵناسی گەورەی فەرەنسی (ئیمیل دورکهایم) بەتووندی رەخنەی ئەو پێناسەیەی (فرێزەر)ی کردووەو پێی‌وایە (ئەو) ئایینی کورتکردۆتەوە بۆ کۆمەڵە

کـردەوەو پاڕانـەوەو لالانەوەیـەك لەبـەردەم بوونەوەرگـەلێکی میتافیزیکیـداو.. ئـەو پێناسەیە تەنها بەهۆی ئەوەوە لە ڕۆژئاوا پەسەندکراوە کە لەڕووی بنەماوە لەگەڵ چەمکی ئایینی مەسیحیدا تێك هەڵدەکاتەوە" دەنا لەراستیدا ئایینگەلێکی یەجگار بـەربلاو هـەن کـە بـیرو باوەڕەکانیـان لـە دەوری (ارواح) و هـیچ جـۆرە خواوەنـدێك ناسووڕێنەوە" یاخود ئەو بوونەوەرانە تەنها ڕۆڵێکی سانەویی تێدا دەگێڕن و هیچی تر، بۆ نموونە بڕوانە بوزییەت کە سیستمێکی ئەخلاقییە بەبێ یاسا داڕێژ (مشرع) و ئیمانێکە بەبێ خوا[7]!

بەهـەر حاڵ (دورکهایم) لەپێناسـەکەی (فریـزەر) رازی نییـەو (فریـزەر) بۆخۆیشـی هەر لەسەرەتای پێناسەکەیدا ئەوەی درکاندووە کە بێگومان مەحاڵە بتوانرێت لە ڕێی تاقـە پێناسـەیەکەوە چـەمکی ئـایین وەهـا بناسـێنرێت کـە هـەموو بـیروڕا پێکـا هەڵپـڕژاوەکان رازی بکات... هـەروەها ئێمـەیش ئەوەمان ووت کە ڕەنگە خـودی ئـەو خەسڵەتی (یەك پێناسە هەڵنەگر)یەی چەمکی ئایین، یەکێك بێت لە خەسڵەتەکانی چەمکەکە خۆی و... بگەڕێتـەوە بۆ ئەو دۆخە گۆڕاوەی کە لەبەرەنجامی پڕۆسـەی گەشەی مێژووەوە بەسەر ئایین و سەرجەم چەمکەکانی دیکەی ژیاندا هاتووە.

بەڕای نووسەری ناسراوی عـەرەب (فـراس السـواح) جیاوازی بیروڕاکـان دەربـارەی چـەمکی ئـایین، لـەوەوە هـاتووە کـە نـەتوانراوە ئـەم سـێ شـێوە دەرکـەوتنـەی ئـایین لەیەکتری جوێ بکرێنەوە:

1-ئـایینی تاکـە کەسـی (الـدین الفـردی)" کـەناوی لیَنـاوە: ئـەزموونی ئـایینیی تاکەکەسی، یاخود هەستی ئایینی.

2-ئـــایینی کۆگـــەلی (الـــدین الجمعـــی) و بەبەرهـــەمی ئەزموونـــە ئایینیـــە تاکەکەسیەکانی دەزانێت.

3-ئایینی موئەسەساتی: مەبەستی لێی، ئەو بونیادە دروستکراوەیە کە لەسـەر ئـایینی جـەمعی هەڵدەچـنرێت" لـەو کۆمەڵگایانـەدا کـە پێکهاتەیـەکی سیاسـیو کۆمەلایەتییان هەیە[8].

(السـواح) دەربـارەی ئـایینی تاکەکەسـی، یـان ئـەزموونی ئـایینیی تاکەکەسـی، یاخود هەستی ئایینی، دەڵێت: ئەوە دیاردەیەك نییە بتوانرێت لە دەرەوە وەسف و چاودێری بکرێـت" بـەڵکو شتێکی زاتییـەو بەشێوەیەکی فـەردی تـاقی دەکرێتـەوەو توێژەر ناتوانێت (جگە لە تاووتوێ کردنی سەربووردەی شەخسی خۆیو، گوێگرتن لە ئەزموونی ئەم و ئەو) شتێکی لەبارەوە بزانێت[9].

دەربـارەی (ئـایینی جـەمعی)یش، دەڵێـت: دیـاردەی ئـایینی، وەختێـك سـیمای جـەمعی وەردەگرێت کە تاکە کەسـەکان دەکەونـە گواستنەوەی ئەزموونە تایبـەتی و تەریکـەکانی خۆیـان بۆیـەکتری" بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی بەشـداریکردن و گوزارشتکردن لە ئەزموونە تایبەتییەکان لە ئەزموونێکی گشتیدا" ئەمـەیش بـەهۆی بـەکارهێنانی مەجازگەلێکـەوە لـەواقعی زمانـەوەو لـە ڕێـی خـەڵقکردنی کۆمەڵـە سـومبولێکەوە کـە هەڵچـوون و جـۆش و خرۆشـە ئایینیـە پـەرت و بلاوەکـان، لـە دووتوێی حاڵەتێکی ئینفیعالیی هاوبەشدا گردو کۆبکاتەوە... هـەر ئەوەیشـە دەبێتـە هۆی دروستبوونی بڕوا (المعتقد) کە بەردی بناغەی ئایینی جەمعیە.(10)

هەرچــی موئەسەســەی ئایینییشــە (السـواح) لەبارەیــەوە دەڵێــت: بونیــادێکی کۆمەڵایـەتیی تاڕادەیك تازەیـە لەمێـژووی ژیـاری مرۆڤایەتیدا... دەیـان هـەزار ساڵ گروپە مرۆییەکان بەپێی بیروباوەڕی خۆیان گوزەراندوویانەو سرووتەکانی خۆیانیان مومارەســە کــردووەو ئەفســانەکانی خۆیانیــان گێڕاوەتــەوە، بــەبێ بــوونی موئەسەسـەیەکی ئـایینی کـە سەرپەرشتی و ئاڕاستەکردنی بکەوێتـە ئەسـتۆو خـۆی بکاتــە دەســەڵاتی مەرجــەعیی بــاڵا... لەوانەیــە چــەند کەسـێکی هەڵکـەوتوو، لــە کۆمـەڵگاکانی چـاخی بـەردین و کۆمـەڵگا گوندنشـینەکانی بەرایی‌دا، سەرپەرشـتیی سرووتە ئایینیـەکانیان کردبێ و هـەوڵی ئـەوەیان دابێ ببنـە ڕایـەڵ لـەنێوان جیهـانی دنیــایی و جیهانــە پیرۆزەکانــدا، بــەڵام سـیفەتی کـاهین و ڕێنوێنیــان بــۆ خۆیــان نەپچــڕیووەو خــاوەنی دەســەڵاتێکی ڕەهــا نــەبوون بەســەر ژیــانی ئــایینی‌ی گروپەکانیانـدا... لەوانەیشـە سـرووتەکان تـەرکیزیان خسـتبێتە سـەر شـوێنگەلێکی پـیرۆز، وەك: دارسـتانێك، یـان دەریاچـەیەك، یـان سەرچـاوەو کانیاوێـك،... یـان بابەتگەلێکی پیرۆز، وەك: درەختێك، یان بەردێك،... بەڵام خانووبەرەی بنیادنراو بۆ عیبــادەت تیــاکردن، تــاکو کۆتاییــەکانی چــاخە بەردینــەکان و نزیکبوونــەوە لەسەرەتاکانی قۆناغە مێژووییەکان، نەبوو و ئەم مۆرکەی ئێستای هەڵنەگرتبوو.(11)

بەهەر حاڵ (السـواح) ئـەو قاڵبانـەی کـە ڕێنـوێنیی هەسـتی ئـایینی دەکـەن و ئـایین دەکەن بەدیاردەیەکی جەمعی، دەگێڕێتەوە بۆ سێ شت:

*بڕوا (المعتقد).

*سرووت (الطقس).

*ئەفسانە (الأسطورة). (12)

دیارە هەرکام لەو سیانە، هەڵدەگرێت بـەجیا لێـی بکۆڵرێتـەوەو کتێبـی تایبـەتییان لــەبارەوە بنووســرێت" بــەڵام ئــەوە لــە دەرەوەی ســتراتیژی ئــەم بابەتــەی ئێســتای ئێمەدایە.. تـەنها ئەوەنـدەش بەپێویسـت دەزانین، بڵێین: (السـواح) ئـەو سـێ ڕەگـەزە بەپێکهاتــە بنەڕەتیــەکانی ئــایین دادەنــێو... ئــەخلاق و شــەرائعەکانیش بەپێکهاتــە سانەویەکانی.(13)

بەهەر حاڵ... ئێمە لێرەدا ئەوەنـدەی لـە هـەوڵی بەراوردکارییـەکی کەلتووریدایین، ئەوەندە لە هەوڵی پێناسەکردنی چەمکی (یاخود: ووشەی!) ئاییندا نیین. بۆیـە هـەم لەبـەر ئـەو هۆیـەو هـەم لەبـەر ئەوەیشــی کـە ئـەو چـەمکە، چـەمکێکی ئـاڵۆزو فـرە پێناسەکراوەو لە هەناوی خۆیشیدا خەسڵەتی (یەك پێناسە هەڵنەگر)یی هەڵگرتووە" هـەوڵ نادەین خۆ لـە قـەرەی پێناسـەکردنی بدەین و دواجار ئایین کورت بکەینـەوە تەنها بۆ تاقە یەك دانە لـە ئایینـە زۆرو زەبەنـەکانی مێـژووی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی و بەس!.

مەبەستیشـمان لەبەسـەر کردنـەوەی سـەرپێیانەی ئـەو چـەند بۆچـوونە دەربـارەی ئـایین، ئەوەیـە بڵـێین: هەرکەسـێك کـاری وەهـا بکـات، واتـە هەرکەسـێك ئـایین وەهـا پێناسە بکات کە کورتی بکاتەوە بۆ تاقە یەك ئایین (بۆ نموونە: کورتی بکاتەوە تەنها بۆ ئایینی ئیسلام!) ئەوا هەم هەڵەیەکی گەورە دەرهەقی فکرو زانست دەکاو... هـەم دەیەوێت مێژووی فکر بشێوێنێ!.

* * *

***قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژووی فکری مرۆڤایەتی**

لە پەرەگرافێکی سەرەتای ئەم نووسینەدا، بەکورتی ئاماژەمان بەوەدا کە قۆناغەکانی مێژووی فکری مرۆڤایەتی چواردانەن:

*قۆناغی سیحر.

*قۆناغی ئایین.

*قۆناغی فەلسەفە.

*قۆناغی زانستی ئەزموونگەرایی.

ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی لە خولگەی بابەتەکەی ئێمەدا بسورێتەوە، تەنها قۆناغی (سیحر)و قۆناغی (ئایین)ەو، لەدوو قۆناغەکەی دیکە دوورە پەرێزی دەکەین.

ئێستا باجیابەجیا، کەمێك لەسەر هەریەك لەو دوو قۆناغەی کە پەیوەندیدارن بەباسەکەی ئێمەوە" بدوێین:

***قۆناغی سیحر:**

(فلمّا جاءتهم آياتنا مُبصرَةً قالوا هذا سحْرٌ مبين)

سورة النمل/ الآية-13

(فلمّا جآءَهُمُ الحقُّ مِن عندنا قالوا لولا أُتِىَ مثلَ ما أُتِىَ مُوسى أوَ لَمْ يَكْفُروا بما أُوتِيَ موسى مِن قَبْلُ قالُوا سِحْرانِ تظهَرا وقالوا إنّا بكلّ كافرون)

سورة القصَصَ/ الآية-48

(وماكفر سليمانُ ولكن الشياطين كفروا يُعلِّمونَ الناسَ السحرَ)

سورة البقرة/ الآية- 102

(ولو فَتَحنا عليهم باباً مِنَ السماءِ فَظَلُّوا فيه يَعْرُجون. لقالوا إنمّا سُكِّرَتْ أبصارُنا بل نحن قومٌ مسحورون).

سورة الحِجْر/ الآية- 14 و 15

قۆناغی سیحر، یەکێك بووە لەو قۆناغە مێژووییانەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی پیا تێپەڕیووە.

لە قۆناغی سیحردا، مرۆڤی بەرایی باوەڕی وابووە جیهان بە هەموو دیاردە جیاجیاو جۆراوجۆرەکانیەوە، ملکەچی چەند پەیوەندی و یاسایەکی گرێدراو و دیاری کراوە کە ئەگەر بێت و ئەمی مرۆڤ شارەزای ئەو پەیوەندیو یاسایانە ببێت" ئەوا دەتوانێت سروشت و دەوروبەر جڵەو بکات و وەك ئەسپێکی ملکەچ و گوێڕایەڵ بیخاتە خزمەتی ئارەزوو و بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە.

بۆ نموونە پێی وابووە دەتوانێت لەڕێگەی هەندێ کردەوەی سیحرییەوە، سروشت ناچار بکات: باران ببارێنێ، نەخۆشەکانیان چاك بکاتەوە، شەڕیان لێ دووربخاتەوەو بیانپارێزێ...

مرۆڤی ئەو قۆناغە، ئەم بۆچوونو تەگبیرەی خۆیی لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتبوو گوایە: هۆکارە لەیەکچووەکان، بەرەنجامی لێکچوویان لێ دەکەوێتەوە (العلل المتشابهة، تنتج نتائج متشابهة)(14).

ئەگەر ئێمە لە کەلتووره ئایینی‌یە جیاجیاکانی ئەمڕۆ (بەئایینە یەکتاپەرستەکانیشەوە!) ووردبینەوە، دەتوانین پاشماوەگەلێکی زۆری بیرکردنەوەی ئاوەزی ئەو قۆناغەیان تیا بدۆزینەوەو جیا بکەینەوە.

هەندێك لە ئەنترۆپۆلۆجیستە گەورەکان، پاش لێکۆڵینەوەو تێرامانێکی زۆر لە قۆناغی سیحر، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو قۆناغە، جۆرە نەزعەیەکی زانستیی تیا بەدی دەکرێت (ئەگەرچی نەزعەکە زۆر سادەو سەرەتاییش بێت!).

سێر (جێمس فرێزەر) سیحر بە (زانستی ساختە/ العلم المزیف) ناوزەد دەکات!

کەسێکی وەکو (کۆڵن ویلسن)یش، دەڵێت: (سیحر هەر زانستی رابردوو نییە، بەڵکو زانستی داهاتوویشە!).[15]

دیارە ئەم تێڕوانینەی (ویڵسن) ناچێتە خانەی تێڕوانینێکی زانستیانەوە، چونکە لە ئەندێشەیەکی شەخسیی فەلسەفی‌یەوە هەڵهێنجراوە، نەك لە بەرەنجامی توێژینەوەیەکی ووردی مەیدانیی ئەزموونگەرایی‌یەوە.

لێرەدا دەکەوین بەسەر دوو پرسیاردا" یەکەم:

*ئایا جیاوازیی نێوان سیحر و زانست لە چیدایە" وەئایا ئەو دووانە لەچیدا لەیەك دەچن؟!

*پرسیارەکەی تر ئەمەیە: ئایا جیاوازیی نێوان سیحرو ئایین لەچیدایە" وەئایا لەچیدا لەیەك دەچن؟!

سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی پرسیاری یەکەم، (مالینۆفسکی) ئاوەها وەڵام دەداتەوە:

*زانست بەرهەمی ئەزموون و تاقی کردنەوەیە، بەڵام سیحر بەمیراتی لەکەسێکەوە جێ دەهێڵرێت، یاخود دەبەخشرێت بەکەسێکی تر.

*زانست عەقڵ رێبەرایەتیی دەکات و سەرنج و تێبینی راستی دەکاتەوە، بەڵام سیحر لە کەشێکی ئاڵۆزو تەمومژاویدا دەژی.

*زانست دەرگایەکی کراوەیە بۆ هەمووان و... بۆ کۆمەڵگەیە بەگشتی" بەڵام سیحر نهێنی‌یەو بەشێوەیەکی نهێنی دەووترێتەوە بەکەسێك و فێری دەکرێت و لە ڕێی ویراسەتەوە تەسلیمی دەکرێت" خۆ ئەگەر لە ڕێی ویراسەتیشەوە تەسلیمی نەکرێت، ئەوا لانی کەم بەپێی گرتنەبەری جێ و ڕێ‌یەکی دیاریکراوی توندوتیژ پێی دەبەخشرێت.

*زانست خۆی لەسەر تەسەورکردنی هێزە سروشتیەکان راگرتووە، بەڵام سیحر خۆی لەسەر هێزێکی ئاڵۆزو نائاشکرا (قوة غامضة مجهولة) راگرتووە کە زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤە بەراییەکان باوەڕیان پێی هەبووە" ئەو هێزە ئاڵۆزو نائاشکرایەش لای هەندێك لە خێڵەکانی ئەلترۆبریاند پێی دەووترێت (مانا)و... لای چەند خێڵێکی تایبەتیی ئوستراليش پێی دەووترێت (ئارونجقویلتا)و... لای هندیە جۆراوجۆرە ئەمریکاییەکانیش چەند ناوێکی هەیە، وەك (ئاکان، ئورێندا، مانیتو) بەڵام لە شوێنەکانی تر ناوی نییە.[16]

بەکورتی (مالینۆفسکی) پێی وایە ئەو هێزە ئاڵۆزو نائاشکرایەی کە سیحر خۆیی لەسەر راگرتووەو پێی دەووترێت (مانا)، جەوهەری سیحرەو هەر ئەویشە جیاوازیی ریشەیی دەخاتە نێوان سیحرو زانستەوە.

دەربارەی بڕگـەی دووەمـی هـەمان پرسـیار، کـە ئایـا: سـیحر لەچـیدا لـە زانسـت دەچێت؟ پـەنا دەبەینـە بـەر وەڵامێکـی سێر (فریـزەر).. ئـەو دەڵێـت: سـیحر لەسـەر بنـەمای ئـەو بـاوەڕە دامـەزراوە، گوایـە مـرۆڤ دەتوانێـت لـەڕێی ناسـین و زانینـی ئـەو یاسایانەوە کە تەحەکوم بەسروشتەوە دەکەن، سروشت کۆنترۆڵ بکات! سیحر لەم شتەدا لەزانست دەچێت![17]

هـەروەها دەربـارەی ئـەو بڕگەیـەی پرسـیاری دووەم، کـە ئایـا جیـاوازیی سـیحر و ئایین لەچیدایە" (جێمس فریزەر) پێی وایە: سیحر لەوەدا لەئایین جیا دەبێتـەوە کـە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی راستەوخۆی سروشتدایە، نـەك لـە هـەوڵی رازیکردنـی هێـزە باڵاکاندا!

سـەبارەت بـە رووکـاری لێکچـوون لـەنێوان ئـایین و سیحریشـدا، کـە یـەکێك لەبڕگـەکانی پرسـیاری دووەم بەدوایـەوەتی" (مالینۆفسـکی) ئاوەهـا دەدوێـت: (چ سـیحر و چ ئـایین، هـەردووکیان، بەشـێوەیەکی یـەگجارەکی لەسـەر نەریتـە میتۆلۆجیـەکان خـۆ ڕادەگـرن.. هـەردووکیان لـە کەشێکی مـوعجیزە ئـامێزدان... بـەردەوام لەگەڕانـدان بـەدوای دۆزینـەوەی توانـای خۆیانـدا بـۆ دروسـتکردنی عاجباتیەکان.. هەردووکیان بە تابۆ –حەرام– تەنراون.. بەو سرووتانە تەنراون کە کاروبارەکانیان لەکاروبارەکانی جیهانی دنیایی جیادەکاتەوە...)[18]

بێگومان پەیوەندیی نێوان (سیحر و زانست) و (سیحر و ئایین)، بەو ئاسانیەیە لەباس نایەت" هەروەها ئەو پرسیارانەیشی کە رەنگە ئێستا بەزەینی هەر یەکێکماندا هاتوچۆی بێت، بەو زووانە دواییان نایەت و... هەمووومان دەزانین قۆناغی سیحر، قۆناغێکـە پسـپۆڕی یـەجگار شـارەزاو تایبەتمەنـدی بـواری مێـژووی فکـری گەرەکـە تابتوانێـت بـەووردی بچێتە بـنج و بنـاوانی... بەهـەر حـاڵ (جـێمس فریـزەر) و (برانسلاو مالینۆفسکی) دوو سەرچاوەی گەورەو تێرو تەسەلن بۆ هەرکەسێك بیەوێ زیاتر لە رەهەندە فکری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو قۆناغە ووردببێتەوە.

⋆ ⋆ ⋆

*قۆناغی ئایین:

مـرۆڤ پـاش ئـەوەی هەستی کـرد سیحر ئـەو ئـامرازە ئەفسـووناویە هـەرە گەورەیـە نییە کە بتوانێت لە هەموو کاتو ساتو تەنگانەو گیروگرفتێکیدا بەفریای رابگات" پاش ئەوەی هەستی بەبێ دەسەڵاتیی خۆی و نەبەکامیی ئەم ئەزموونەی کرد" ناچار بوو قۆناغی سیحر تێپەڕێنێ و پێ هەڵگرێ بۆ قۆناغێکی نوێتر کە قۆناغی ئایینە.

سـادەترین دۆخـی ئـایین، تەوتەمیەتـەو... بـەرزترین ئاسـت و دۆخیشـی یەکتاپەرستیەیە.

بەپێی بـاوترین گریمانـە، قۆنـاغی یەکـەمی ئـایین، بـەدۆخی تەوتەمیـەت دەسـتی پـێکردووەو، پاشـان هەڵکشـاوە بـۆ دۆخـی یەکتاپەرسـتی... بـەڵام تاکوتـەرا نووسەریش هەن وەها ناڵێن!

بـۆ نموونـە (فیلـهلم شمیـدت) لەکتێبێکیدا بـەناوی (ئەسـڵی بیرۆکـەی خـوا/ اصـل فکرة الله) کە ساڵی 1912 بڵاوکراوەتەوە، گریمانەی ئەوەی هێناوەتە ئارا کە گوایە سـەرەتا ژیـانی ئـاییزیی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی، بەیەکتاپەرسـتیەکی بـەرایی (وحدانیة بدائیة) دەستی پێ کردووە.[19]

***تەوتەمیەت:**

تەوتەمیــەت هــەم سیســتمێکی ئایینیـیــە، هــەم سیســتمێکی خێڵایــەتی-کۆمەڵایەتیـیـە" خێڵـە سـەرەتاییەکان ژیـانی دینـی و دنیـایی‌ی خۆیانیـان پـێ ڕێـك خستووە. تەوتەم بەشێوەیەکی گشتی ئاژەڵە (بەهەردوو جۆرەکەیەوە: چ بێوەی و چ دڕنــدە).. بــەڵام لــە هەنــدێ حاڵــەتی دەگمەنیشــدا (ڕووەك) یــاخود دیاردەیــەکی سروشتی، وەك: (ئاو، باران) یان دیمەنێك لە دیمەنەکانی سروشت، بەتەوتەم گیراوە.

تەوتـەم لـەڕووی ئایینیەوە، بە (پارێزگارو ڕۆزی بەخش و چاوپۆشیکار)ی خێڵ دەدرێتـە قەڵـەم" لـەڕووی کۆمەڵایەتیشـەوە بـە (پشـتی یەکـەم و ڕەچـەڵەکی یەکـەمی خــێڵ) حســاب دەکرێــت" بۆیــەش هــەر خێڵــەو (وەك لەقــەب) هــەڵگری نــاوی تەوتەمەکەیەتی.

بـەڕای خێڵـە تەوتەمیـەکان، تەوتـەم فەرزەنـدەکانی (خێڵ)ەکـەی خـۆیی ناسـیووەو نـەیخواردون‌و ئـازاری نـەداون" تەنانـەت ئەگـەر دڕنـدەیش بووبێت و شـەڕانگێزیی بۆ سـەر وەچـەو نـەوەی خێڵـە تەوتەمیـەکانی دیکـەیش هـەبووبێت... لـە هـەمان کاتـدا ڕۆڵـەکانی خێڵـیش، ڕاوکـردن‌و گۆشـتخواردن و ئـازاردانی ئـەویان لـە خـۆ حـەرام کردووەو پێیـان وابـووە سەرپێچی کردن و وەلاخستنی ئەو پەیمانە، ڕق و غـەزەبی سروشت دەوروژێنێ و دەبێتـە هـۆی نغرۆ بوون و لـەناو چوونیان. خێڵی تەوتـەمی، توانیوویانـە بـەڕێزو وورپـایی‌و چاودێری‌یەکی زۆرو بـێ وێنـەوە، چـەند دانەیـەك لـە ڕەگــەزی تەوتەمەکــەیان ڕابگــرن... هــەروەها لــە ســرووت و ڕێ و ڕەســمە تایبەتیەکانیانـدا (لەشـێوەی جموجـوڵی تەوتەمەکـەیان!) سـەماو هەڵبـەزو دابـەزیان کردووەو لاسایی‌ی دەنگی (تەوتەم)ەکـەی خۆیانیـان کردۆتـەوە... هـەر لەهـەمان ئـەو ڕێ‌و ڕەسمانـەدا بـەڕێزەوە یـادو یـادەوەریی تەوتەمـە مردارۆبووەکـانی خۆیانیـان شکۆمەند کردووەو بەرگی ئەو مردارۆبووانەیان پۆشیووە.

خێڵە تەوتەمیەکان پێیان وابووە هەموو هاوبەشن لە پیرۆزیی تەوتەمەکەیانداو هەریەکەیان شتێك لە پیرۆزیی ئەویان تیایە!

(دانیشـتوانی کـۆنی عێراقـی ئێسـتا، وای بۆچـوون ئـەو پیرۆزی‌یـە بـەزۆری بەقژو بەخوێنـدا بڵاوبۆتـەوە.. هـەر بۆیـە زۆر ڕێزیـان لـەتووك گرتـووە، چ تووکەسـەر و چ تـووکی دەموچـاو و ڕیـش! بۆکـاتی تەراشـکردن و تاشـینی ڕیـش و تووکەسـەریش، کەشی تایبەتیان سازکردووە).

نەسەب لای خێڵە تەوتەمیەکان، بەشێوەی ویراسی، لە ڕێگەی هەردوو هێڵی (هەم دایك و هەم باوکەوە) گوازراوەتەوە" بەڵام زیاتر واباوە لە هەوەڵەوە لەڕێگەی دایکەوە گوازرابێتەوە.

لای خێڵـی تەوتـەمی، بـە پلـەی یەکـەم (لـەڕووی کۆمەڵایەتی‌یـەوە) پەیوەنـدیی خێڵایـەتی لەبەرچـاو دەگـیرێ" و حسـابێکی هاکـەزایی بـۆ پەیوەنـدیی خزمایـەتی‌و خوێن دەکرێت!

بیرۆکەی (تابۆ- حەرام) سەرەکیترین ناوەڕۆکی سیستمی تەوتەمیەت پێك دەهێنێ... ئەو بیرۆکەیە سەرەتا لە حەرامکردنی گۆشتی تەوتەمەوەو پاشانیش لە سنووردارکردن و حەرامکردنی سێکسەوە هاتۆتە ئارا.[20]
سیستمی تەوتەمیەت پانتایی‌یەکی فراوان دەدات بەدەستەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری جۆربەجۆردا کە ئێرە جێی ئەوە نییە.

***یەکتاپەرستی:**
وإذ اُبتلى ابراهيم رُّبهُ بكلماتٍ فأتمهنَّ قال إني جاعِلُكَ للناسِ إماماً قال ومن ذريتي قال لاينالُ عهدي الظالمين.
سورة البقرة/ الآية –124
لای زۆربەمان ئاشکرایە کە (ئیبراهیم)ی باوکی پێغەمبەران، بە یەکەمین دامەزرێنەر و هاندەری بیری یەکتاپەرستی ناسراوە. ئیبراهیم (وەك لەتەوراتدا باسی کراوە) کوڕی (تارح)بووە. لەبەر ئەوەی لەژنی یەکەمیانی منداڵخستنەوەیان کەوتۆتە درەنگ، ژنی دووهەمی هێناوە.
ژنی یەکەمیانی ناوی (سارە) بووەو خانەدان بووە... ژنی دووهەمیانی ناوی (هاجەر)بووە" کەنیزەکێکی میسری بووەو کارەکەری و بەردەستیی خۆیانی کردوە.." (سارە) بەخۆی بۆ ئیبراهیمی هەڵبژاردبوو، کەچی هەر بەخۆیشی تووشی هەزار دەردو مەینەتیی کرد.
فەرزەندی نۆبەرەی ئیبراهیم لە (هاجەر)بووەو ناوی (ئیسماعیل) بووە... بوونی ئیسماعیل لە رۆژێکەوە کە پەڕیوەتە سکی دایکی، مایەی دڵتەنگی و ناڕەحەتی بووە بۆ (سارە) و تووشی غیرەیەکی زۆری کردووە...
لەسەروەختی ئەو نەهامەتی و وەزعە نالەبارەی (سارە)دا، رۆژێکیان خوا ئیبراهیمی پیرو بەسالاچوو لەدالغە دەپچڕێنێ و دەکەوێتە دواندنی و مزگێنیی ئەوەی دەداتێ کەوا (سارە)یشی پیرۆز کردووەو بەو زووانە کوڕێکی دەداتێ و دەبێت ناوی بنێت (ئیسحاق)!
ئیبراهیم (بەپێی قسەی تەورات) زەردە دەیگرێ و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: ئەم عومرەو کوڕ؟!
بەڵام بەڵێنی خوا راست دەردەچێ و (ئیسحاق)یش لەدایك دەبێت!
ئیدی لێرەوە ئیبراهیم و کوڕو نەوەکانی ئیبراهیم، یەکەمین کوڕو کۆمەڵی یەکتاپەرست دەخەنەوەو سەربووردەی بەنی ئیسرائیل دەست پێ دەکات کە دامەزرێنەری یەکەمین ئایینی ئاسمانین" ئەویش (یەهوودیەت)ەو دەکەونە بڵاوکردنەوەی تەعالیمەکانی (تەورات)[21]!
چۆن و بۆ، ئیبراهیم رووی کردۆتە یەکتاپەرستی؟!
دەڵێن: ئێوارەیەکیان ئیبراهیم کە ئەوسا هێشتا لە گەنجێك زیاتر نەبووە، لەگەڵ (تارح)ی باوکیا روودەکەنە شاری (ئور)... لەوێ تێکەڵی فرۆشیارو پیشەوەرانی ناوجەرگەی شاری (ئور) دەبن و دەگەنە نزیك (بورج)ی شار... پڕ بەگوێی خۆیان دەنگی بەیەکاچووی شاخەبەران و شمشاڵ و تەپڵ دەژنەون و چاویان بەکاروانی خواوەندە بتەکان دەکەوێت (خواوەندی مانگ- نانارسن- کە لە شێوەی پیاوێکی

بەویقاری ریشندا تاشراوە، خواوەندی خۆر،... و چەندین بت و خواوەندیتر) کە بەشانی کاهینەکانەوە جموجوڵیان پێ دەکرێ و سەردەخرێن و دادەگیرێن!
ئیبراهیم لەدڵی خۆیدا دەڵێت: ئا ئەمانەن ئەو خوایانەی کە باوکم دەیانپەرستێت؟!
هەر لەو دەقیقەیەدا بڕیار دەدات لەبەر هیچ کام لەو بتانەدا نەچەمێتەوەو کڕنۆشیان بۆ نەبات! بۆیە ئیدی ناچار دەبێت بە خاووخێزانەوە لەگەڵ باوکیشیا شاری (ئور) جێ بێڵن و رووبکەنە (حاران)[22]...
دەڵێن: هیچ پەیامێکی ئیلاهی، ئیبراهیم و خێزانەکەیی لە (ئور) هەڵنەناوە بۆ دەرەوە" بەڵکو ئەو لە (حاران) دەکەوێتە قسەکردن لەبارەی (خوا)وەو (خوا)یش لەوێ دەکەوێتە دواندنی ئەو... هەر لە (حاران) ئیبراهیم بتەکانی باو وباپیری خۆی تێك و پێك دەشکێنێ و بانگەشەی یەکتاپەرستی دەست پێدەکات.[23]
مێژووی خاووخێزانی ئیبراهیم یاریدەدەرێکی باشە بۆ لێکۆڵینەوە لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئایینی بەنی ئیسرائیل" بەڵام ئاراستەی ئەم نووسینەی بەردەستمان، بۆ شوێنێکی ترمان دەبات!
ئێستا با بەهەق دوای ئاراستەی نووسینەکەمان بکەوین و بپرسین:
ئایا ئامانجی یەکتاپەرستی چییە؟!
(د. نبیلة ابراهیم)، بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە:
*ئایینە ئاسمانیەکان (واتە ئایینە یەکتاپەرستەکان) یەکەمجارو بەر لە هەرشتێکی تر، ئامانجیان ئەوەیە (بتپەرستی) بەهەمو جۆرو رووالەتەکانیەوە لەناو ببەن.
*هەروەها ئامانجیان ئەوەیە لە پلەو پایەی پێغەمبەران بەرزبکەنەوەو رێز لە سیفەتەکانیان بنێن، بەو پێیەی کە ئەو سیفەتانە تێکرا لەسەرووی سیفەتی مرۆڤی هاکەزاییەوەن و هی رابەرانی ئەو خەڵکە هاکەزاییەن.
*ئامانجێکی تری ئایینە ئاسمانیەکان، ئەوەیە: خوا پاك بکەنەوە لە هەموو سیفەتێکی تایبەت بەمرۆڤ.[24]
بەپێی ئەم بۆچوونەی (د. نبیله ابراهیم)، بەدی کردنی هەر دیاردەیەك لە ئایینە ئاسمانییەکاندا کە بچێتەوە سەر شێوەی دیاردەکانی سەردەمی بتپەرستی" یاخود دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی هەر سیفەتێکی عامی لە رەوشت و هەڵسوکەوتی پێغەمبەرەکانیاندا، یان وێناکردنی (خوا) بەجۆرێك کە شێوەی ببرێتەوە سەر مرۆڤ" ئەو (ئایین)ە لە ڕەوت و ئامانجی سەرەکیی خۆی دور دەخاتەوە کە ئاسمانێتی و یەکتاپەرستییە!
بێگومان ئێمە ئەگەر ئەم تێزەی (د. نبیله ابراهیم) وەك میتۆدێکی زانستی چاو لێ بکەین (کە لە ڕاستیشدا هەروایە!)، ئەوا دەگەینە ئەو بەرەنجامەی هیچ کام لە ئایینە ئاسمانیەکان نەیانتوانیووە بەتەواوی ئامانجی خۆیان بپێکن" بەتایبەتی یەهوودیەت[25] کە هەردوو ئایینە ئاسمانیەکەی تر لەوەوە وەرچەرخاون و مەحاڵە توانیبێتیان سەد دەرسەد لێی جیا ببنەوە!
بۆ نموونە ئێمە ناتوانین (نوێژە بارانە!) کە نەریتێکی باو و بەرچاوە لەکەلتووری ئیسلامیدا، بەنەریتێکی سەربەخۆی بێ پەیوەندی بەکەلتووری کۆنی گەلانی ناوچەکەوە حساب بکەین" بەڵکو هەر بەراوردێکی سادە لەنێوان (ئەو نەرێتە)و (ئەو

سرووتەدا کە لەسەردەمە کۆنەکاندا سۆمەریەکان بارانیان تێدا پیرۆز کردووە!) سەرەڕای هەموو وورده جیاوازییەکی شکڵی، یەکسەر رەگ و ڕیشەی هەرەکۆنی (نوێژە بارانە)مان بۆ ئاشکرا دەکات.

یاخود ئەگەر ئەوە بەبیری خۆمان بهێنینەوە کە (بەرد!) لەکەلتووری گەلانی پێش سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی و ئایینی ئاسمانیدا، چەند بە پیرۆز زانراوەو چۆن سوێندی پێ خوراوەو بەشاهێد گیراوە[26]" ئەوا بەلامانەوە (ئاسایی!!) دەبێت بکەوین بەسەر چەندین ئایەت و حەدیسی لەمجۆرەدا:

وإنَّ من الحِجارةِ لما يتفجَّرُ منه الأنهارُ وإن منها لما يَشَّقَّقُ فيخرُج مُنه الماءُ وإن منها لما يَهبِطُ من خَشيةِ الله.

سورةِ البقرة/ الآية- 74.

الحَجَرُ الأسودُ ياقوتةٌ بيضاء من ياقوت الجنة وإنّما سَوَّدَتْهُ خطايا المشركين، يُبعَثُ يومُ القيامةِ مثل أُحُدٍ، يشهَدُ لمَنْ أستَلَمَهُ و قَبَّلَهُ من أهلِ الدُّنيا.[27]

حديث نبوي

(رواه ابن خزيمة عن ابن عباس)

بێگومان (لانی کەم) لە هەردوو دەستەواژەی (يَهبِطُ مِن خشيةِ الله) و (يُبعَثُ يوم القيامة) بەرد قودسییەتێکی یەجگار زۆری پێ بەخشراوە...

بەهەر حاڵ ئەم بابەتە راماندەکێشێتە ناو دوو جۆر بیرکردنەوەوە کەوا لە خوارەوە لێی دەدوێین.

⋆ ⋆ ⋆

***بیرکردنەوەی زانستیانەو بیرکردنەوەی ئەفسانەییانە: (التفكير العلمي و التفكير الأسطوري)**

(د. فؤاد زكريّا) دەڵێت: بیرکردنەوەی زانستیانە تەنها بەمانای بیرکردنەوەی زانایان نایەت[28].

هەروەها دەڵێت: ئەو بیرکردنەوە زانستیانەیەی کە دەمانەوێ لەبارەیەوە بدوێین، ئەو جۆرە بیرکردنەوە سیستماتیزە کراوەیە کە لە کاروبارەکانی ژیانی رۆژانەماندا، یان لەو چالاکییەدا کە کاتی مومارەسەکردنی ئیش و کارە پیشەییەکانمان، یاخود لە پەیوەندیەکانماندا بەخەڵك و جیهانی دەوروبەرمانەوە.." دەکرێت بەکاری بهێنین.. هەموو مەرجێکی ئەم بیرکردنەوەیەش ئەوەیە سیستماتیزەکراو بێت و لەسەر پرەنسیبگەلێك بنیادنرابێت کە بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاگایانە هەستیان پێ بکەین، هەموو چرکەساتێك پراکتیزەیان دەکەین.[29]

لێرەوە دەمانەوێ بڵێین: مەبەستمان لەبیرکردنەوەی زانستیانە، بیرکردنەوەی دەستە بژێرێك لە زانایان نییە و بەس" بەڵکو بیرکردنەوەیە بەو مانا فراوانەی کە (د. زکریا) ئاماژەی پێ دەدا.

هەرچی بیرکردنەوەی ئەفسانەییانەیشە، بەڕای (د. زکریا) بریتیەیە لە بیرکردنەوەی ئەو سەردەمانە کە هێشتا زانستیان تیا دەرنەکەوتبوو" یاخود هێشتا زانست بەو رادەیە بڵاونەبووبۆوە کە ببێتە هێزێکی کاریگەر لەژیاندا[30]...

⋆ ⋆ ⋆

**ڕەنگە زۆرجار (بیرکردنەوەی ئەفسانەییانە – التفكير الأسطوري) و (بیرکردنەوەی خورافیانە– التفكير الخرافي) لەزەینی خەڵکدا تێکەڵ و پێکەڵ بکرێن و بەشێوەیەکی نادروست باسیان لێوە بکرێت" بۆیە بەپێویستی دەزانین، ئەو جیاوازیانەی (د. زکریا) لەنێوانی ئەو دوو تەرزە بیرکردنەوەیەدا دەیانکات، بگوێزینەوە بۆ ناو دوو توێی باسەکەمان:**

**ئەفسانە وەزیفەیەکی لە ئەستۆ گرتبوو هاوشێوەبوو بەمەی پاشان زانست گرتیە ئەستۆ" هەروەها ئەفسانە ئەو ئامرازە سروشتی‌یە بوو کەسەردەمی پێش دەرکەوتنی زانست دیاردەکانی پێ تەفسیر دەکرا... بەڵام خورافەت خۆی لەسەر ئینکاریکردنی زانست و ڕەتکردنەوەی میتۆدەکانی زانست ڕاگرتووە" یاخود لەسەردەمی زانستدا پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێ ئوسلوبی کۆنی پێش سەردەمەکە...**

**ئەفسانە زۆربەی جار تەفسیرێکی پڕاوپڕ (متكامل)ی جیهانە" یاخود هی دیاردەگەلێکی جیهانە... بەڵام خورافەت جوزئی‌یەو پەیوەندیی بەتاقە دیاردەیەک، یاخود تاقە ڕووداوێکەوە هەیە...**

**ئەفسانە لەسەردەمە کۆن و بەراییەکاندا تەمسیلی سیستمێکی کاملی دەکرد لەڕووانیندا بۆ جیهان و مرۆڤ" ئەو سیستمەش زۆربەی جار خودانی ڕێکوپێکی و تۆکمەییەکی ناوەکی بوو... بەڵام خورافەتەکان پەیوەندییان بە (تفاصيل)ەوە هەیە کە ڕەنگە هەر لەناو خۆیاندا بەیەکتر دژو ناتەبابن" چونکە کەس هەوڵ نادات خورافەتە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتر بگونجێنێ و سیستمێکی یاخود نەسقێکی تووندو تۆڵ و تۆکمەیان لێ دروست بکات.[31]**

★ ★ ★

**ئێمە ئەگەر بیرکردنەوەی ئەفسانەییانە بەوەدا بناسینەوە، گوایە: بریتی‌یە لە بیرکردنەوەی ئەو سەردەمانەی کە هێشتا زانستیان تیا دەرنەکەوتبوو، یاخود هێشتا زانست بەو ڕادەیە بڵاونەبووبۆوە کە ببێتە هێزێکی کاریگەر لە ژیاندا..." هەروەها ئەگەر ئەفسانە بەوەدا بناسینەوە کە زۆربەی جار (لە چوارچێوە سەرەتایی‌یەکەیدا) تەفسیرێکی پڕاوپڕ (متكامل)ی جیهانە یاخود هی دیاردەگەلێکی جیهانە.." ئەوا بێ سێ و دوو دەتوانین ئەو سیمایانە لەزۆربەی ئایین و کەلتووری ئایینیەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ببینینەوە (بەهەرسێ ئایینە یەکتاپەرستە ئاسمانیەکانیشەوە).**

**نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو دەتوانین سەرجەم ڕەگەزو ڕەهەندەکانی ئەفسانەیش لەدەق و سوننەتەکانی ئەو ئایینانەدا بدۆزینەوە! بۆ نموونە بگەڕێرەوە سەر ئەو حەدیس و ئایەتەی کە پێشتر سەبارەت بە قودسیەتی بەرد لای ئیسلام بە نموونە هێنامانەوە. لەوێدا دەبینیت (بەو جۆرەی کەمەزهەبی ئەنیمیزم باسی دەکات، هەروەها بە هەمان شێوەی کە لە ئەفسانەدا ڕوودەدات)" بەرد گیانی تیایە، پیرۆزە، لەتاو گوناهی موشریکەکان ڕەش هەڵدەگەڕێ، لەترسی خوا ئەنیشێتەوە، دەمرێت، لەو دنیا زیندوو دەبێتەوە، شاهێدی دەدات و... هتد!**

**بەکورتی: دەتوانین بڵێین ئاوەزی ئایینی و ئاوەزی ئەفسانەیی یەکسانن بەیەک! نەختێك بەولاترەوە دەڕۆین و دەڵێین: ئەگەر ئەمڕۆ ئایینەکان (دیارە بەزۆری مەبەستمان ئایینە ئاسمانیەکانە) دەستبەرداری ئەو عەقڵانیەتە سادەو ساکارەیش بن کە ڕەگو ریشەی لەئاوەزی بەرایی‌دایەو هەندێك لە ئایینداروئایینخوازە بیر**

ئاوەڵاكان (بەحوكمی سەردەمەكە!) تەبەنیی دەكەن.." ئەوا بێگومان ئەو سیفەتەیش لـەخۆیان وەردەگرنـەوە كـە وەك ئاوەزگـەلێكی ئەفسـانەیی‌ی تاڕادەیـەك تۆكمـە (بەوجۆرەی كە لە ئەسڵدا هەبوون) بكەونە پێش چاو" و هەڵدەخلیسكێنە ناو دنیای خورافەتـەوەو تەمسـیلی بیركردنەویـەكی خـورافیی رووت و قـووت نـەبێ تەمسـیلی هیچـی تـر ناكـەن.." بەتایبـەتیش ئەگـەر زانیمـان (بیركردنـەوەی ئەفسـانەییانە) و (بیركردنەوەی خورافیانە) لەنێوانی خۆیاندا خودانی چ سنوورێكی تێكەڵ و پێكەڵ و تێك ترشاون!!

⋆ ⋆ ⋆

*** پەیوەندیی زانست و ئایین بەیەكترەوە:**

زانست چەند دەستی هەبووە لە هەڵوەشاندنەوەی بەشی هەرەگەورەی بیركردنەوە ئەفسانەیی‌یە- ئایینیەكاندا" ئەوەندەیش دەستی هەبووە لە تۆكمەكردنی ئەو بەشە كەمەی تریانیدا كە هێشتا بە ئایینەوە خەریكە!

ئـەوەتا رۆژانـە دەبیـنین ئـەو سەرسـامی‌یە زۆرەی بەرامبـەر بەگـەردوون و دیـاردە سروشـتیەكان هـەبووەو جەوهـەری ئـایین بـووەو لەسـەردەمی پـێش زانسـت و فەنتازیاكانی زانستدا، لە رێی ئەفسانەو دەقەوە گوزارشتیان لێ كراوە" ئەمڕۆ زانست و فـەنتازیاو تەقەنیاتـەكانی زانسـت خراونەتـە پێنـاوی" هـەر لـە تەقەنیاتـە هـەرە پێشـكەوتووەكانی رەسمگرتنـی بنـی دەریـاو قـووڵایی‌ی ئاسمانـەوە، تادەگـات بـە تیۆریە زانستیەكان!

كەواتە دەكرێت ئایین لەسایەی زانستدا، بەشێكی گـەورە لـەو ئەرك و ئامانجانـەی هەیەتی و چیدی بەئەفسانە جێبەجێ ناكرێن" لە ئەفسانە بسێنێتەوەو بیدات بەسەر زانسـت و فەنتازیاكانیـدا (لەڕاستیشـدا لـەزۆر شـوێن و جێگـەی دنیـا هـەر وای كردووە!).

بەڵام ئایا ئایین دەتوانێت ئەوەندەی لەسیحر سوودمەندبوو، ئەوەندەیش لەزانست سوودمەند بێت؟!.

واتـە ئایـا رێـی تـێ دەچێت وەك چۆن شكستی سیحر بەقازانجی هـەرە گـەورەی ئایین تەواو بوو" ئاوەهایش زانست شكست بخواو بەیەكجاری وەك سیحر لەبەردەم ئایینیدا بكشێتە دواوە؟!

ئێمە لەوەڵامێكی مەبدەئیی نایەكجارەكیدا (إجابة مبدئية غير نهائية) دەڵێین: رێـی تـێ دەچێت عـەقڵ و عەقڵانیـەت (نـەك زانسـت) لـە قۆناغێك یـان لەچـەند قۆناغێكی مێژوویی‌دا شكسـت بخـواو شـەڕی خوێنـاویی دیكـەی جیهـانی بكەوێتـەوەو بـەو هۆیـەوە بـوار بـۆ سـەر قووتكردنـەوەی زیـاتری هەسـتە ئایینیـەكان بڕەخسـێ" بـەڵام ئەوجایش هێشتا ئایین ناتوانێت وەكو چەمكێك گۆڕانكاری بەسەر جەوهەرو ئاراستە میتافیزیكیەكـەی خۆیـدا بهێنێت! چونكە هـەر هـەوڵێكی عەقڵانیانـەی راسـتەقینەی ئایین بەرەو زانست، یـان بـەرەو پڕكردنـەوەی رەزامەندانـەی شوێنی زانسـت" دواجار بەهەڵخلیسكاندنی یەكجارەكیی ئایین بۆ ناو زانست كۆتـایی دێ و بەدوایدا ئەگـەری ئـاوابوونی هەمیشـەیی‌ی ئـەو قۆنـاغـە مێژووییـە دێتـە پێشـەوە كـە ئـایین دەبـرد بەڕێوە!

★ ★ ★

هەمیشە دەکرێت زانست شوێنی ئایین بگرێتەوە..“ چونکە ئەگەر ئایین خاوەنی ئەفسانەیە، ئەوا زانست خاوەنی فەنتازیایە! ئەگەر ئەفسانە رێبەری بڕوایە لە ئاییندا، ئەوا فەنتازیا رێبەری بڕوایە لە زانستدا! ئەگەر ئایین لە هەوڵی تەشەبوس پێ کردن و رازیکردنی هێزە باڵاکاندایە، ئەوا زانست راستەوخۆ لە هەوڵی رامکردن و کۆنترۆڵکردنی سروشت و هێزەکانی سروشتدایە!

★ ★ ★

## عەقڵانیەتی بەرایی ( العقلانیة البدائیة )

پێشتر ئەوەمان درکاند کە ئەو عەقڵانیەتە سادەو ساکارەی جاروبار ئاوەزە نوێیە ئایینیەکان (بەحوکمی سەردەمەکە!) تەبەنیی دەکەن“ رەگ و ریشەی لە ئاوەزی بەراییدایە!

هەروەها تێزێکی (مالینۆفسکی)یشمان لە دووتوێی نووسینەکەماندا بەجێ هێشت کە دەڵێت: هیچ کۆرو کۆمەڵێکی سەرەتایی نییە، بێبەش بێت لە ئایین و سیحرو جۆرە نەزعەیەکی زانستی!

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین (مالینۆفسکی) بکەین بە (دەلیل)ی رێگەمان و کەم و زۆر بچینە بنج و بناوانی ئەو دوو بۆچوونەوە، کە دواجار لەخاڵێکی هاوبەشدا چارەنووسیان بەیەك دەگات.

(مالینۆفسکی) لەگەشتێکی تێرو تەسەلدا بۆلای خێڵەکانی ئەلترۆبریاند، ئاوەها باسی (میلانزیەکان) دەکات کە خێڵگەلێکی سەرەتایین:

میلانزیەکان، راوچیی لێهاتوو و پیشەوەر و بازرگانی ووریان“ بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر باخ و بێسانکردن دەژین.. بە ئامرازە هەرەسادەو سەرەتاییەکان کاروباری باخ و بێسانەکانیان رادەپەڕێنن.. توانایان هەیە بەشی خۆیان و بگرە لەبەشی خۆیشیان زیاتر بەروبووم بەرهەم بهێنن.. سەرکەوتووییان لەبواری کشتوکاڵدا، جگەلەوەی پەیوەندیی بە بارودۆخی سروشت و ئاو و هەواوە هەیە“ پەیوەندییشی بەو زانیاریە زۆرو زەبەنەیەوە هەیە کە دەربارەی جۆری خاك و جۆری رووەك و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان هەردوو فاکتەری (خاك– رووەك) هەیانە! هەروەها ئەوان دەزانن کە دەبێت بەرێکوپێکی ئەرکە گرانەکانی سەرشانیان لەو بوارەدا راپەڕێنن.. دەبێت خۆیان جۆری خاك و جۆری تۆو هەڵبژێرن... خۆیان کاتی گونجاو بۆ پاککردنەوەی زەوی و سووتاندنی درەختە کورتەبنە و زیان بەخشەکان دیاری بکەن.. لە هەموو ئەو ئەرك و فرمانانەشیاندا زانیاریی روونیان دەربارەی: کەش و هەواو وەرزەکان، رووەك و نەخۆشیەکانیان، خاك و جۆرەکانی، ...هەیەو پشتی پێ دەبەستن.. هەروەها قەناعەتیان بەوەیش هەیە کە ئەو زانیاریانە ڕاست و دروستن و دەکرێت زۆر بەووردی حسابیان بۆ بکرێ و جێبەجێ بکرێن.. کەچی سەرەڕای هەموو ئەوانەیش سیحر تێکەڵاو بەچالاکیەکانیان دەبێتەوەو هەموو ساڵێك بەپێی سیستمێکی ووردو تووندو تیژ بەسەر باخ و باخاتەکانیاندا پیادەی دەکەن... ئەوان پێیان وایە جۆرەها کارەسات هەن وەك: نەخۆشیی رووەك، باران و زریانە ناوەختەکان، بەرازی کێوی، کوللە، ... هتد، ئەو باخ و باخچانە وێران بکەن کە بەبێ (پیادەکردنی ڕێ و ڕەسمە سیحریەکان بەسەریاندا) جێدەهێڵرێن... لای ئەوان

هەردوو حاڵەتەکە: (حاڵەتی پیادەکردنی ڕێو ڕەسمە سیحریەکان بەسەر باخ و باخاتدا) و (حاڵەتی کارکردن و شان و قۆڵکوتانی فیعلی لە پێناوی خزمەتکردن و بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکاندا) بە توونەدو تۆڵی باوەشیان کردووە بە یەکتریدا" بەجۆرێك کە ئەگەر چاودێرێکی سادەو ساکار سەیری ئەو دیاردەیە بکات، یەکسەر وای بۆ دەچێت (سلوکی عەقلانی) و (سلوکی ناعەقلانی) لای ئەوان تێکەڵکراوو لێکجیانەبۆوەن! هەروەها وای بۆ دەچێت کە ئەوان هیچ جیاوازییەك لە نێوان بەرەنجامی ئەو دووانەدا (واتە: لەنێوان بەرەنجامی سلوکە عەقلانی و سلوکە ناعەقلانیەکەدا) نابینن و توانای لێکدانەوەی زانستیانەیان نییە[32]!

لێرەدا (مالینۆفسکی) دەپرسێت: بەڵام ئایا لێکدانەوەو بۆچوونی ئەو چاودێرە سادەوساکارە، لێکدانەوەو بۆچوونێکی دروستە؟

هەر خۆی وەڵام دەداتەوەو بەووردی دەیسەلمێنێ کە نەخێر وەها بۆچوونێك گەلێك لەڕاستیەوە دوورە.

ئەو دەڵێت:

لەلایەکەوە کۆمەڵە بارودۆخێکی تەواو پەیڕەێ براو و زانراو هەیە، وەك: ڕەوتی سروشتیی گەشەکردنی رووەك، نەخۆشیە هاکەزاییەکانی رووەك، هەروەها ئەو خەتەریاتانەی کە رووبەڕووی باخ و باخاتەکان دەبنەوەو لەڕێی پەرژینکردن و هەڵکێشانی گژوگیاو درەختۆچکە زیانبەخشەکانەوە دوورە پەرێزییان لێ دەکرێت.." لەلایەکی ترەوە کۆمەڵە بارودۆخێکی لەبەرچاو نەگیراو و پێشبینی نەکراو هەیە" جارێك بەختیان لەگەڵیدا دێتەوەو جارێك نایەتەوە! جارێك کەس نازانێ چۆن، لەپڕ ڕەنجیان بەبا دەدا و جارێکی تر دیسان کەس نازانێ چۆن، بەختیان دەداتێ و دەقات بەرهەمەکەیان زیاد دەکات.. بارودۆخی یەکەم، لەڕێی زانیاری و کارکردنەوە بەری پێ دەگیرێت" بەڵام بارودۆخی دووەم (بارودۆخە لەبەرچاو نەگیراوو لە دەسەڵاتبەدەرەکە!) بەسیحر هەوڵی بەر پێگیرانی دەدرێت.[33]

(مالینۆفسکی) لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا: میلانزیەکان سەرجەم بەرەنجامە باشەکان دەدەنە پاڵ سیحرو بەفەزڵی ئەوی دەزانن یان نەء" دەڵێت:

بێگومان نەخێر... ئەگەر بەیەکێکیان بڵێیت: بۆچی هەر لە بنەڕەتەوە باخچەکەت ئیهمال ناکەیت و بیدەیتە دەست سیحر و لێی گەڕێیت بۆ ئەو" ئەوا زۆر ئاسان بەو ساویلکەییەت پێ دەکەنێت[34]!

(مالینۆفسکی) دەڵێت:

ئەوان وەکو تۆ دەزانن کە کۆمەڵە مەرج و فاکتەرێکی سروشتی هەن و دەشزانن کە بەخۆیان توانای ئەوەیان هەیە لەڕێی تێبینی و سەرنجەکانی خۆیانەوەو بە هەوڵ و کۆششە لەشولاری و عەقڵیەکانیان تەحەکوم بەو هێزە سروشتیانەوە بکەن... ئەگەر پەرژین و شوراکان داڕووخان و تێکشکان، ئەگەر تۆوەکان تیاچوون، یاخود ووشك بوونەوەو بێکەڵك بوون" ئەوا بۆ چاککردنەوەی ئەوانە پەنا نابەن بۆ سیحر.." بەڵکو پەنا دەبەنە بەر کارکردن و بەپێی زانیاری و عەقڵ دەکەن.." بەڵام لە هەمان کاتدا ئەزموونی خۆیان ئەوەیشی فێر کردوون کە لەلایەکی ترەوە سەرەڕای ئیش و ماندووبوونیان و بەدەر لە دەسەڵاتی خۆیان، هۆکارگەلێك هەن کەساڵێك بەروبووم

دەگەیەننە لوتکە و ساڵێکی تر بەپێچەوانەوە! تەنها بۆ تەحەکومکردن بەم هۆکارگەلە لەدەسەڵاتبەدەرە چاوەڕواننەکراوانەوە پەنا دەبەنە بەر سیحر.[35]

ئەو دەڵێت:

میلانزیەکان لەسەرجەم چالاکیەکانی تریشیاندا هەمان سلوکیان هەیە کە لە کشتوکاڵ کردن و ناو باخ و باخاتەکانیاندا هەیانە.." بۆ نموونە لە پیشەسازیی بەلەم دروستکردندا لەرووی تەکنیکیەوە شارەزایی تەواو ئەزموونگەرانەیان هەیە و دەزانن زۆر باش بەلەمەکانیان رووبەرووی فشارەکانی ئاو رابگرن و وەستایانە دروستیان بکەن" بەڵام تا ئێستا بەلەمێکیان دروست نەکردووە، بەدەم دروستکردنیەوە رێ و رەسمە سیحریەکانیان بەسەردا پیادە نەکردبێ! لە هەموو حاڵەتێکیشدا هەردوو سلوکەکە: (سلوکی عەمەلی) و (سلوکی سیحری) جیاواز لە یەکتر رادەگیرێن و تێکەڵی یەك ناکرێن و بەتەنیا پشت بەیەکێکیان نابەسترێت... ئەوان دەزانن سەرەڕای هەموو وەستایی و شارەزاییەکیان لەبواری بەلەمدروستکردندا، هێشتایش دەستەوسانن لەئاست شەپۆلە ترسناكو چاوەڕواننەکراوەکانی ئاودا..." بۆیە بۆ بەرگرتن بە ترس و مەترسیە کتوپڕو ناهەموارەکانی شەپۆلە هاروهاجەکانی ئاو، هەر لەسەرەتای دروستکردنی بەلەمەوە، دەکەونە پیادەکردنی رێوڕەسمە سیحریەکان بەسەریدا.[36]

(مالینۆفسکی) لەرێی ووردبوونەوەوە لە خێڵە میلانزیە سەرەتاییەکان لە کاتی پیشە سەرەکیەکانیاندا، لەرێی بینینیانەوە لە کاتێکدا کە چۆن دەست لە ئیش هەڵدەگرن و دەچنە سەر سیحرو، کە چۆن لە پاش سیحریش دووبارە دەگەرێنەوە سەر ئیش..." لەرێی چوونە ناو عەقڵیانەوە" لەرێی گوێگرتن لە بیروڕاکانیانەوە" بەووردی لە مەسەلەی عەقلانیەتی مەعریفەی مرۆڤی سەرەتایی کۆڵیوەتەوە.

ئەو دەڵێت:

مەسەلەی عەقلانیەتی مەعریفەی مرۆڤی سەرەتایی، دەبێت لەمیانەی دەروازەی زمان (مدخل اللغه)ەوە لێی نزیك ببینەوە.[37]

هەر ئەویش دەڵێت:

بەڵام رەنگە ئەمە دوور بمانبات" بۆ ناو باسوخواسگەلێك کە پەیوەندییان بە لۆژیك و دەلالات و تیۆری زمانە سەرەتاییەکانەوە هەیە.[38]

دووبارە دەڵێت:

ئەو ووشانەی کە بۆ گوزارشتکردن لە فکرە گشتیەکان بەکاردەهێنرێن، وەك: مادە، خاسیەت (الخاصية)، هۆو ئەنجام (السبب و النتيجة)، جەوهەری و سانەوی (الجوهري و الثانوي)، بوون (الوجود)،... هەروەها ئەو دەستەواژانەی لە پیشەو ئیشە دەستیەکاندا بەکار دەهێنرێن، وەك: دەریاو دەریاڕانی، بنیادنان (البنا ﴾، پێوانەو پێداچوونەوە (القياس و المراجعة)، وەسفە چەندی و ژمارەییەکان (الأوصاف العددية و الكمية)، پۆلێنکاریە راست و دروست و ووردەکانی دیاردە سروشتیەکان، رووەك، ئاژەڵ، ... هەموو ئەوانە رێکوپێك دەمانگەیەننەوە بەو بەرەنجامە کە: مرۆڤی سەرەتاییش دەتوانێت سەرنج بداو بیربکاتەوە (يمكنه الملاحظة و التفكير).[39]

(مالینۆفسکی) دەڵێت:

مرۆڤـی بـەرایی، چـەند نەسـقێك لـە مەعریفـەتی سیسـتماتیزەكراوی هەیـە (ئەگەرچییش سەرتایی بن!) كە لە زمانەكەیدا بەرجەستە بووە.[40]

ئـەوەی خرایـە روو، كورتەیـەكی هـەرە كـورتی سـەرنج و تێبینیەكانی (مالینۆفسكی) بـوو كـە لـەرێی هەڵسوكەوتی راستەوخۆیەوە لـەناو خێڵـە میلانزیـە سـەرەتاییەكاندا گەلاڵـەی كـردووەو تیایـدا بـە جـوانی لەسـلوكی مرۆڤـی بـەرایی ووردبۆتـەوە. ئێسـتا دەچـینە سـەر بـیرورای هەنـدێك لـەو نووسـەرو ئەنترۆپۆلۆجیستانەی كـە خۆیـان لـەم مەسـەلەیە داوەو (مالینۆفسـكی) تـاووتوێی بیروراكانیانی كردووە.

★ ★ ★

**ئەدوارد ب. تایلور:**

(تایلور) دامەزرێنەری تیۆرییەكی بەناوبانگە بەناوی مەزهەبی ئەنیمیزم (المذهب الحیوي)..

ئەم مەزهەبە پێیوایە (ئەنیمیزم) جەوهەری ئایینی سەرەتاییە" بۆیە پێویستە بزانین ئەنیمیزم یانی چی؟

ئـەنیمیزم: واتـە بـاوەڕبوون بـەوەی كـە بوونـەوەرەكان جگـە لـە جەسـتە، خـاوەنی (گیان)یشن.

(تـایلور) ئـەم بڕوایـەی مرۆڤـی سـەرەتایی كـە گوایـە بوونـەوەرەكان، خـودانی جەسـتەو گیـانن پێكـەوە" دەكاتـە بنـەمای تیۆریەكـەی خـۆی و دەڵێـت: (ئـەنیمیزم- الاحیـائیـة) ئـایین و فەلسـەفەی پیـاوی سـەرەتاییبووە، لـە ئـەنجامی تێبینـی وسـەرنجگەلێكی هەڵـەو چەواشـە (بـەلام حـاڵی)ی عـەقڵی سـادەو خۆرسكەوە بەرهـەم هێنراوە.

(تـایلور) پێـی وایـە: بـە رووانینـە خـەون و وورێنـەو لەهۆشخۆچـوون و دیـاردە هاوچەشـنەكانی تـری ئـەو حاڵـەت و دیاردانـە و تێرامانیـان" فەیلەسـوف و لاهـوتی سەرەتایی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی جیاوازی لەنێوان گیان و جەستەدا بكات.

بە بڕوای (تایلور) مرۆڤی سەرەتایی پێی وابووە (گیان) لەدوای مردنی بوونەوەرە گیاندارەكانەوە هەر بەزیندوویێتی دەمێنێتەوە" چونكە ئەوەتا ئەو گیانە لە خەون و خەیاڵ و بیرەوەریی زیندوواندا بەردەوام سەردەداتەوەو دەردەكەوێتەوە.

ئەو دەڵێت:

مـرۆڤ بەگشـتی و مرۆڤـی بـەرایی بەتایبـەتی، حـەزدەكات دنیـای دەرەكـی" بـەو شـێوەیەی كـە هەیـە، باوێتـە بـەر خـەیاڵی خـۆی!.. مـادەم ئـاژەڵ و دارو درەخـت و شتەكان، دەجوڵێن -ئیش دەكەن- هەڵسوكەوت دەكەن- هەندێ جار یارمەتیی مرۆڤ دەدەن و جارەهای تریش پەكی دەخەن" كەواتە دەبێت گیانیان تیا بێت.

(تـایلور) پێـی وایـە هـەر بـەمجۆرەیش، بـاوەڕبوون بـە تارمـایی و گیـانی مـردووان (الاشـباح و أرواح المـوتی)، بـاوەڕبوون بـە نـەمری، بـاوەڕبوون بـەو دنیـا" سـەری هەڵداوە.[41]

★ ★ ★

**رەخنەی (مالینۆفسكی) لە مەزهەبی ئەنیمیزم:**

ئەمەی لەخوارەوە دەیخوێنینەوە، کورتەو پوختەی ڕەخنەکانی مالینۆفسکی‌یە لەو مەزهەبە:

تیۆریەکەی تایلۆر دەربارەی ئایینی سەرەتایی، سەرەڕای گرنگییشی، لە پانتایی‌ی حەقیقەتگەلێکی فرە بەرتەسکەوە هەڵهێنجراوەو زیاد لەپێویست مرۆڤی سەرەتایی بە ئەندێشمەندو عەقڵانی وەسف دەکات..." توێژینەوە مەیدانی‌یە نوێ‌یەکان کە پسپۆڕو شارەزایان ئەنجامیان داوە، دەیسەلمێنن: مرۆڤی بەرایی زیاتر بایەخ دەدات بەڕاووشکارو کێڵگەکانی، بەڕووداوو ئاهەنگەکانی خێڵ، نەك بەبیرکردنەوە لە زیندە خەون‌و، خەون‌و، لەهۆشخۆچوون و ئەوشتانە!

توێژینەوە نوێ‌یە مەیدانیەکان، پەییان بە ڕەهەندگەلێکی دیکەی جۆراوجۆری ئایینی سەرەتایی بردووە کە ناکرێت بخرێنە چوارچێوەی تیۆریەکەی تایلورەوە.

کتێبی چڵی ئاڵتونی (الغصن الذهبي)ی جێمس فریزەر کە گەورەترین مەوسوعەی سیحری سەرەتایی‌یە، بەووردی دەریخستووە کە ئەنیمیزم تاقە مەزهەب نییە..." نەك هەر ئەوەندە، بگرە تەنانەت بۆچوونێکی باو و بەربڵاوی ناو رۆشنبیریی سەرەتاییش نییە. (ئەمەش هەر قسەو سەرنجی مالینۆفسکی‌یە تیایدا پەنای بەفریزەر گرتووە)!

مرۆڤی سەرەتایی بەر لە هەرشتێك هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی سروشتێتی لەپێناوی ئامانجگەلێکی پراکتیکی و عەمەلیدا و ئەوەش ڕاستەوخۆ لەڕێی سیحرەوە ئەنجام دەداو خواستی ئەوەیە (با) و ئاووهەواو ئاژەڵ و بەروبوومە کشتوکاڵیەکان ڕکێف بکاو ناچاری ملدان بەکردەوە سیحریەکانی خۆییان بکات..." بەڵام پاشان کەکەموکووڕی ولاوازیی توانا سیحریەکانی خۆیی پەی پێ برد، ترس و بیم دایگرت و کەوتە پاڕانەوەو هەڵگوتن بە بوونەوەرە باڵاکاندا، بەگیانی پێشینیاندا، یاخود بەخواوەندەکاندا...

بەمجۆرە دەبینین (مانا) نەك (ئەنیمیزم — الاحیائیة) جەوهەری دیانەتی پێش مەزهەبی ئەنیمیزمە، هەروەها جەوهەری سیحریشە.(42)

⋆ ⋆ ⋆

(مالینۆفسکی) و (تایلور) پێکەوە لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە کە ووتوویانە هیچ کۆمەڵگەیەکی سەرتایی نییە بێ دین بێت.

بەڵام (مالینۆفسکی) بە کورتی لەوەدا لە (تایلور) جیادەبێتەوە گوایە (تایلور) زیاد لە پێویست مرۆڤی سەرەتایی بە بوونەوەرێکی عەقڵانی وەسف دەکات.

ئەم بەپێچەوانەی (تایلور)ەوە، پێ لەسەر لایەنە پراگماتی (واتە: مەنفەعەتخوازانە)کەی سلوکی مرۆڤی سەرەتایی دادەگرێت.

⋆ ⋆ ⋆

-لیفی برول

-ج. ل. میرس

-گوڵدنویزر

ئەمەی خوارەوە پوختەی بۆچوونی (لیفی برول)ە لەسەر ئاوەزی مرۆڤی بەرایی:

مرۆڤی سەرەتایی هەرگیزاو هەرگیز (علی الاطلاق) حاڵەتگەلی زهنیی واقعیی نییە، بەڵکو بە تەواوی و بێ پسانەوە ڕۆچووە بەچوارچێوەیەکی عەقلیی تەسەوفیدا!

مرۆڤـی سـەرەتایی توانـای تێبینیکـردنو سـەرنجدانی تێروتـۆخ و تۆکمـەی نییـە" توانـای نوێکردنـەوەی نییـە" هـەر لەبەرئـەوە توانـای نییـە هـیچ سـوودێکیش لـە ئەزموونەکانی خۆی وەربگرێ و تەنانەت لەیاسا هەرە سەرەتاییە سروشتیەکانیش تێ بگاو بەشداریی بنیادنانیان بکات... هەروەها پێ ناچێت هیچ تەگبیرو فکرەیەکی روونی هەبێت دەربارەی مادەو تایبەتمەندیەکانی مادە، هۆو ئەنجام و هتد... دیدی مرۆڤی سەرەتایی، دیدێکی خورافیی پەشێوە، دیدێکی پێش لۆژیکیەتیە (نظرة قبل منطقية)، دیدێکە لەسەر بۆچوونگەلێکی ئاڵۆزو پاڵۆز (غامض) بنیادنراوە[43]...

(ج. ل. میرس)یش دەڵێت:

مەعریفـەی سـەرەتایی، بەشـێوەیەکی زۆر ووردو سـەرکەوتوو، لەسـەر بنـەمای سەرنج دان و تێبینی کردن دامەزراوە[44].

ئەمەی تریش بۆچوونی (گۆڵدنویزر)ە:

مایـەی بێ حیکمەتیـە رۆڵێکی سلبی بدەینـە پاڵ میکانیکای بەرایی لەئەسڵی داهێنانەکاندا (اختراعات)، بەڵکو تەگبیرگەلێکی ئامانجپێکەری زۆروزەبەنە بەئاوەزی سەرەتاییدا تێپەڕ بوون و کاراییان لەواقعدا سەلمێنراوە.[45]

★ ★ ★

ئێستا بابزانین مالینۆفسکی لەبەینی ئەو دوو لایەنە توونـدڕەودا (توونـدڕەو بەقسەی خۆی!) کەلایەنێکیان (لیفی برول)ە بەتەنیاو، لایەنەکەی تریشیان (ج. ل. میرس) و (گوڵدنویزر)ن پێکەوە" کویێ هەڵدەبژێرێ؟

(مالینۆفسکی) لەبارەی بۆچوونەکەی (ج. ل. میرس)ەوە دەڵێت: (نابێت رێ بدەین وەك پرەنسـیبێکی یـەگجارەکی و ڕەهـا –قـاطع– عەقڵانییـەتی مرۆڤـی سـەرەتایی پەسەند بکرێت).

هـەروەها پێـی وایـە مرۆڤـی سـەرەتایی لای (گوڵـدنویزر) جـێ وڕێیـەکی وای بـۆ دیاری کراوە، گوایە خاوەنی مەیلێکی عەقڵیی وەك ئەو مەیلە عەقڵیەیە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە هەیەتی.

بەهـەر حـاڵ دواجار لـە ڕێـی دوو پرسـیارەوە شـوێنی خـۆی لـە بـەینی ئـەو دوو بەرەیەدا دیاری دەکات کە ئاماژەمان پێدا.

پرسیاری یەکەم: ئایا مرۆڤی سەرەتایی هیچ دیدو تێڕوانینێکی عەقڵانیی هەیە" وە ئایا هیچ دەسەڵاتێکی عەقڵیی بەسەر ژینگەو دەوروبەرەکەیدا دەشکێت؟ یاخود وەك (لیفی برول) بۆی چووە: مرۆڤی سەرەتایی بوونەوەرێکی تەواو تەسەوفیو ناعەقڵانیە؟!

(مالینۆفسکی) ئاوەها وەڵامی ئەم پرسیارەیان دەداتەوە:

هـەموو کۆمەڵگەیـەکی سـەرەتایی، پاشـخانێکی مـەعریفیی زۆرو زەبەنـەی لەبەردەستدایە کە لەڕێی عەقڵەوەو لەسەر بنەمای ئەزموون و گیروگرفت (التجربة و المشكلة) دامەزرێنراوە.

پرسـیاری دووەم: ئایـا دەکرێـت ئـەو مەعریفەتـە سـەرەتاییە، وەك شـێوەیەکی مەبدەئی لەزانست (شكلا مبدئيا من العلم) بدەینە قەڵەم؟ یاخود بەپێچەوانەوە ئەو مەعریفەتە سەرەتاییە هەر لە رەگ و ریشەوە شتێکی جیاوازەو ئەزموونگەراییەکی کـرچ و کـاڵ و سـادەیە و بەرجەسـتەکردنێکی توانـا پراکتیکـی و تەکنیکیەکانـە؟ وەئایا یاساو رێساکانی ئیشکردن، یاخود هونەر، بەهایەکی تیۆرییان هەیە؟

(مالینۆفسکی) پێی وایە ئەم پرسیارەیان، پرسیارێکی ئەبستمۆلۆجیەیە زیاتر لەوەی ئەنترۆپۆلۆجی بێت، وەڵێ هەرچۆنێك بێت (خۆی ووتەنی) وەڵامێکی مەبدەئیی نایەگجارەکیی دەداتەوەو دەڵێت:

ئەگەر وابڕوانرێتە زانست کە کۆمەڵێك یاساو رێساو بۆچوون (قواعد و تصورات)ەو لەسەر بنەمای ئەزموون دامەزراوەو بەشێوەیەکی لۆژیکی لەو کەوتۆتەوەو.. لەدەستکەوتە مادیەکاندا، هەروەها لەوێنەیەکی جێگیری کەلتووردا بەرجەستە بووەو.. جۆرە رێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنیادنراوە..” ئەوا گومانی تیانییە تەنانەت خوارترینی کۆمەڵگە هەمەجیەکانیش (چەند سەرەتایی بن) خاوەنی سەرەتاکانی زانستن...” لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەبستمۆلۆجیەکان بەم پێناسە لانی کەمیەی زانست رازی نابن” چونکە بەمجۆرە زانست شمولی یاساو رێساکانی سنعەتیش دەکات!

لەسەر وەڵامەکەی دەرواو دەڵێت:

ئەبستمۆلۆجیەکان پێیان وایە (یاساو رێساکانی زانست –قواعد العلم– دەبێت بەشێوەیەکی راشکاوانە –بشكل صريح– دابڕێژرێن، کە قابیلی ئەوەبن بکەونە بەر حوکمی ئەزموون و رەخنەی عەقڵیەوە –التجربة و النقد العقلي– هەروەها نابێت ئەو یاساو رێسایانە –قواعد– تەنها یاساو رێساگەلێك بن بۆ سلوکی عەمەلی، بەڵکو دەبێت قانونگەلێکی تیۆری بن بۆ مەعریفە/ قوانين نظرية للمعرفة).

مالینۆفسکی پێی وایە تەنانەت ئەگەر ئەم قەیدو بەندەیش پەسەند بکەین و شانی بکەین بەبەردا” ئەوا هێشتاکەیش پێ ناچێت گومان بکرێت لەوەی کە زۆرێك لە پرەنسیبەکانی مەعریفەی سەرەتایی، بەو مانایەیش کە ئەبستمۆلۆجیەکان بۆ زانستی دیاری دەکەن، هەر زانستین!

ئەو دەڵێت:

بێگومان زانست لە هیچ کۆمەڵگەیەکی ناشارستانیدا (غير متحضر) وەك هێزێکی پاڵنەر، رەخنەگر، نوێکەرەوە، بنیادنەر، ... لە ئارادا نییە!

دەربارەی ئەوەیشی کە ئایا مەعریفەی سەرەتایی ناوبنێین (زانست) یاخود ناوی بنێین (مەعریفەیەکی عەقلانیو ئەزموونگەری)” (مالینۆفسکی) دەڵێت: ئەوە زۆر گرنگ نییە.(46)

★ ★ ★

دەگەڕێینەوە سەر مەسەلەی (مەعریفەی بەرایی) و گفتوگۆ لەگەڵ بۆچوونێکی (هەندێك!) لەمژدەبەرە مەسیحیەکاندا دادەمەزرێنین، کە ئەمەی خوارەوە پوختەکەیەتی:

تائەمڕۆیش (هەندێك!) لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هیچ پەیوەندییەك لەنێوان (کردەوەی سێکس) و (سکپڕبوون)دا نابینن و پێیان وایە: ژن بەهۆی (سێکس کردنەوە لەگەڵ پیاو) سك وزا ناکات” بەڵکو ئەوە تەوتەمە کە زوڕییەتی پێ دەبەخشێت.(47)

بەپێی ئەم بۆچوونە:

(پیاو نازانێت کۆرپەلەی ناو ڕەحمی ژن، رەنگە بەرهەمی ئەو تۆوەی خۆی بێت کە لەرێی سێکسەوە هێلکەی ئەو ژنەی پیتاندووە...” لەبەر ئەوە کۆرپە تازە لە

دایكبووەكە بەفەرزەندی خێڵ دەزانێت نەك بەفەرزەندی خۆی، هەروەها خۆی بە باوك ناداتە قەڵەم تەنانەت ئەگەر ئەو رووداوە سەرسوڕهێنەرەی سكپڕبوون لە ڕێگەی كردەوەی سێكسیی ساڵەهای ساڵیەوە لەگەڵ هەمان ژندا چەند بارەیش رووبداتەوە).[48]

گوایە:

(مومارەسەی هەرەمەكیانەی سێكس لەنێوان پیاوێك و زیاتر لە چەند ژنێكدا، یان لەنێوان ژنێك و زیاتر لە چەند پیاوێكدا، فاكتەری پشت ئەو بێئاگاییەی كۆمەڵگە سەرەتاییەكانە" چونكە لای ئەو كۆمەڵگایانە چەند دەگمەنە پیاوێك بەشێوەیەكی بەردەوام و ڕێكوپێك تەنها هەر بەلای یەك ژندا بچێت و سێكس هەر لەگەڵ ئەودا بكات، ئەوەندەیش دەگمەنە ژنێك بە بەردەوامی و بەتەنها لەگەڵ هەمان تاقە پیاودا سێكس بكات).[49]

نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو:

(ژن هەر لەبنەڕەتەوە ناتوانێت پێچەوانەی ئەو سیستمە بجوڵێتەوە" یەكەم: لەبەر ئەوەی ژن و پیاو موڵكی هەمووانن و خۆبەدەستەوەنەدانی ژن، لەگەڵ نەریتی خێڵدا تێك هەڵناكاتەوە... دووەم: لەبەر ئەوەی ژن ناتوانێت وەكو مێینەی ئاژەڵ پاسی –دەزگای سێكسی–ی خۆی بكات و بە هۆی ئەوەوە كە قابلیەتی كەوتنە سەر پشتی هەیە، واتە بەهۆی پێكهاتەی فسیۆلۆجیەوە، هەموو كاتێك ئەو ئەندامەی لەشی، خۆشبارە بۆ هاشاوڵ و پەلاماری پیاو، و بەهەڵپەیەكی ئاسان دەست دەیگاتێ!)[50].

بۆیە:

(ژن مەگەر تەنها دیاردەی بێنوێژی –حیض– لەدەست پەلاماری بەردەوامی پیاو بیپارێزێ كە دیاردەیەكی جێگیرو نامۆ بووەو پیاوی تووشی دڵەڕاوكێ و سەرسوڕمان كردووەو ناچاری كردووە لەو كاتانەدا لەژن بكشێتەوەو وای بۆ بچێت كەئەو دیاردەیە دیاردەیەكی سەروو سروشتیە" گوایە مەبەست لێی، كۆنترۆڵكردنی شەهوەت و ئارەزووەكانی پیاوە).[51]

⋆ ⋆ ⋆

بێگومان ئەوەی تاڕادەیەك باری لاری ئەم بۆچوونەی مژدەبەرەكان راست دەكاتەوە، ئەوەیە: ئەوان سنووری تێڕوانینی خۆیان دیاری كردووەو باس لە (هەندێك!) كۆمەڵگای سەرەتایی دەكەن" نەك لە كۆمەڵگا سەرەتاییەكان بەگشتی. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین دەستبەرداری پرسیارگەلێك ببین كە بەمجۆرەی خوارەوە لەزەینماندا خۆیان راست كردۆتەوە:

*ئایا ئەو (هەندە!) كۆمەڵگا سەرەتاییە (تەوتەمیانە!)، لانی كەم هیچ جۆرە پەیوەندییەكیان لەنێوان دیاردەی (سكپڕبوون)و دیاردەی (بێنوێژی)دا پەی پێ نەبردووە؟

*ئایا رەچاوی ئەوەیان نەكردووەو لە خۆیان نەپرسیووە بۆچی بەردەوام (لەكاتی سكپڕیدا) دیاردەی (بێنوێژی) بزر دەبێت و شوێنەواری نامێنێ؟

*ئەی لە خۆیان نەپرسیووە بۆچی پاش مناڵبوون هەمان دیاردە دووبارە سەر قووت دەكاتەوەو تا سكپڕبوونێكی تر لە سووری خۆی ناكەوێت؟

*ئایا سەرنجی ئەوەیان نەداوە كە كچ تا نەگاتە تەمەنێكی دیاریكراو, بە هیچ جۆرێ دیاردەی بێنوێژیی لێدەرناكەوێ و سكوزا ناكات و... كوڕیش تا نەگاتە

تەمەنێکی دیاریکراو, لە کاتی سێکس کردندا هەمان ئەو حاڵەتە بایۆلۆجی‌یەی (تۆوڕژان!)ی لێ ناقەومێ کە لە پیاوێکی کامڵ دەقەومێ؟

*یاخود تۆ بڵێی هیچ پەیوەندییەکیان لە نێوانی پیری و سکوزادا پەی پێ نەبردبێت؟

*بەکورتی: ئایا ئەو هەندە کۆمەڵگە سەرەتاییانەی مژدەبەرەکان باسی دەکەن" هیچ جۆرە ئەزموون و زانیاری و سەرنجێکیان سەبارەت بە پرۆسەی گەشەی بایۆلۆجی (عملية النمو البايولوجي) لەلا دروست نەبووە؟

★ ★ ★

ئێمە پێمان وایە راستە لەسیستمی تەوتەمیەتدا، نەریتێك هەیە بەپێی ئەو نەریتە منداڵ بۆ خێڵ لەبەرترە تاکو بۆ خێزان" بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە خێڵە تەوتەمیەکان بەتەواوی لە پرۆسەی گەشەی بایۆلۆجی بێئاگان و پێیان وایە منداڵ لە نوتفە (نطفة)ی تەوتەمە! کەچی لە گوزارشتی مژدەبەرەکاندا ئەو نەریتە کۆمەڵایەتی‌یە ناڕاستەوخۆ وەها تەفسیر کراوە گوایە بەرەنجامی بێئاگایی‌ی ئەوانە لە پرۆسەی گەشەی بایۆلۆجی! (ئەمەیش خاڵێکی لاوازی تێزەکەیانە).

بەهەرحاڵ ئەگەر ئەم بۆچوونەی مژدەبەرەکان لەبارەی مرۆڤی کێوی‌یەوە بێت، وەك مرۆڤە کێوی‌یە دارستان نشینەکانی ئەمازۆن و هەندێ جێی ئەفریقیاو ناوچەی ئوستراليا،[25] ئەوا تاڕادەیەك جیاوازترە لەوەی قسە لە مرۆڤی عاقڵ بێت... بەڵام لەراستیدا ئەوان باس لە مرۆڤی کێوی (متوحش) ناکەن، بەڵکو باس لە مرۆڤێك دەکەن کە لۆژیکی خۆیی هەیە بۆ بیرکردنەوەو سیستمی تایبەت بە خۆیی هەیە بۆ رێکخستنی دین و دنیای، ئەویش سیستمی تەوتەمیەتە.

★ ★ ★

پێشتر بەچاوساغیی مالینۆفسکی گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە مرۆڤی بەرایی دەتوانێت سەرنج بداو بیربکاتەوە.

ئێستایش ئەگەر چاوێك بە کەلتووری کۆنی گەلانی دنیادا بگێڕین، رەنگە بتوانین تاڕادەیەکی زۆر ئەو تێزەی مژدەبەرە مەسیحیەکان کە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئاڕاستەی بیرکردنەوەکەی ئێمەی گرتۆتەبەر، بەگومان ئابڵۆقە بدەین!! بۆ نموونە با ووردببینەوە لە:

(چیرۆکی دروستکردنی ژن لە لەشی پیاو):

چیرۆکی دروستکردنی ژن لە لەشی پیاو، باسی لێکتر جوێکردنەوەی یەك بوونەوەرو یەك لەش‌و یەك تەن دەکات.[53]

ئەگەر ئەم چیرۆکە وەربگێڕینە سەر زمانی زانست، ئەوا رەنگە بتوانین بڵێین: پەیوەندییەك لەنێوان حاڵەتی زۆر بوون لەو چیرۆکەدا و حاڵەتی زۆربوونی هەندێك لەو زیندەوەرانەدا هەیە کە لەرێگەی کەرتبوون(الأنشطار)ەوە زۆر دەبن و زیاد دەکەن" ئەم رچەیەش (رچەی بەراوردکردنی بەرهەمەکانی بیرکردنەوەی ئەفسانەییانە وبیرکردنەوەی زانستیانە بەیەکتر) پێشتر کەسی دیکە شکاندوویەتی.[54]

بۆ ئەوەی نەختێك زیاتر لەم چیرۆکە ووردبینەوە، بەهەلی دەزانین تاووتوێی هەندێ مەسەلەی تر بکەین...

(پۆڵ فریشاوەر) لەزمانی (بیرۆسۆس)ەوە کە کاهینێکی بابلی بووە، باسی ئەفسانەگەلێکی سۆمەری دەکات.. ئەو ئەفسانانە حەکایەتی بوونەوەرگەلێکی ئەفسانەیی دەگمەن و شاز و سەروسەکوت نامۆ دەگێڕنەوە: پیاو بەچوار باڵەوە، پیاوی دووسەر، مرۆڤی دووسەری نێرەمووك، مرۆڤی یەك سەری نێرەمووك، بوونەوەری نیوە ماسی و نیوە مرۆڤ، ... هتد.(55)

(فریشاوەر) باسی پەیکەرگەلێکی نێرەمووکیش دەکات کە لەگەلانی پێش سەرهەڵدانی یەکتاپەرستییەوە بەجێماون و دەڵێت:

(تەگبیری جووت رەگەزیی بوونەوەری مرۆیی و پرەنسیپی جوێکردنەوەی ژن لە لەشی پیاو، شتێکی نامۆو نائاشنا نەبووە بەو قۆناغەی کەتەوراتی تیا تەدوین کراوە).(56)

هەروەها دەڵێت:

چیرۆکی دروستکردنی ژن لە لەشی پیاو، ئەگەر نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی پەی بردن بەگەشەی جیناتە جنسیەکانیشەوە لە رەحمی دایکدا" ئەوا رەنگە لانی کەم کەوتبێتە ژێر کاریگەریی بینینی پەیکەرگەلە نێرەمووکەکانەوە.(57)

بەهەر حاڵ ئێمە هیچ ناتەباییەکمان لەگەڵ بۆچوونێکدا نییە کە پێی وایە: سەروەختی تەدوین کردنی تەورات، چیرۆکگەلی فرە کۆن دەربارەی جوێکردنەوەی ژن لە لەشی پیاو لە ئارادا بوون... نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەتوانین گەشتێکی دوورو درێژیش بەناو فۆلکلۆری کۆنینەی گەلاندا بکەین و پشت بەستوو بەمیتۆدە بەراوردکاریەکەی (جێمس فرێزەر) بۆ ناسینەوەی فۆلکلۆر لە تەوراتدا (الفلکلور فی العهد القدیم) کە ئەوە ناونیشانی یەکێك لە کتێبە بەناوبانگەکانیشیەتی" زیاتر و زیاتر پێ لەسەر بەرماوەی فکری کۆن و فۆلکلۆر لە تەوراتداو... پاشانیش لە کەلتووری هەردوو ئایینە ئاسمانیەکەی تردا" دابگرین (بەلام ئێرە شوێنی ئەو بابەتەی تیا نابێتەوە). بۆیە دەگەڕێینەوە ناوجەرگەی چیرۆکی ناوبراو، و دەڵێین:

باشە باوادابنێین مێژوو و بەرواری دەرکەوتنی ئەو پەیکەرە جووت رەگەزانەی (پۆڵ فریشاوەر) ئاماژەی بۆ کردوون، چ بەنیسبەت قۆناغی تەدوینکردنی تەوراتەوە و چ بەنیسبەت قۆناغەکانی پێشوو تریشەوە" کۆنترە لە مێژوو و بەرواری سەرهەڵدانی چیرۆکی دروستکردنی ژن لە لەشی پیاو.." هەروەها با لە هەموو حاڵەتێکدا وادانێین چیرۆکەکە لە ژێر کاریگەریی بینینی پەیکەرەکاندا سەری هەڵداوە! (نەك بەپێچەوانەوە!)...

ئەی ئایا خودی ئەو پەیکەرە جووت رەگەز و نێرەمووکانە لەژێر کاریگەریی دەرکەوتنی چ رووداو و شتێکدا دروست کراون؟!

ئایا لە ژێر کاریگەریی بینین و دەرکەوتنی مرۆڤی نێرەمووکدا دروست کراون" یاخود خەیاڵگەلێکی ئەفسانەییان لە پشتەوەیە؟!

ئایا هەر بوون و دەرکەوتنی پرەنسیبی (جووت رەگەزی) یاخود (نێرەمووکی) لای گەلانی پێش یەکتاپەرستی، جا سەرەتا لە چیرۆکدا بووبێت یان لە پەیکەردا"

دەلالـەت لـەوە ناكـات كـەمرۆڤى بـەرايى بەسـەرنجەوە لـە حاڵەتـە فسـيۆلۆجى و بايۆلۆجىيەكان راماوە؟

ئايا هەر خودى پرەنسيبى حەرام و حەڵاڵ لەسێكسدا، بە هەموو فۆرم و دۆخە جياجياو ئاڵۆگۆڕكراوەكانيەوە كە خێڵە تەوتەميەكان يەكەم داهێنەرين، بەڵگەنييە لەسەر ئەوەى ئەو خێڵ و كۆمەڵگايانە دەركيان بە بوونى پەيوەندييەك لەنێوانى سێكس و بەرەنجامە بايۆلۆجيەكانى سێكسدا كردووە؟

تۆ بڵێى ئەو هەموو ئاڵوگۆڕيانەى كە لەلاى خێڵە تەوتەميەكان، بەسەر پەيوەنديەكانى نێوان (باوك – فەرزەند) و (دايك – فەرزەند)و...بەسەر پرەنسيبى رێكخستنى ژيانى سێكسيدا هاتووە" تەنها فاكتەرێكى كۆمەڵايەتى، ياخود تەنها فاكتەرێكى سايكۆلۆجيى لەپشتەوە بێت و بێ پەيوەندى بێت بە تێڕامان لە بەرەنجامە بايۆلۆجيەكانى سێكسەوە؟

تۆ بڵێى (ئەزموون)، يان مالينۆفسكى ووتەنى (گيروگرفت و هەڵە/ المشكلة والخطأ) ياخود بەقەولى (بافلۆف)، (هەوڵ و هەڵە/ المحاولة و الخطأ) كە لە تيۆرى فێركردن (نظرية التعلم)دا ئاماژەى بۆ كردووە" هيچ جۆرە هوشياريەكى دەربارەى پرۆسەى گەشەى بايۆلۆجى و پەيوەنديى نێوان سێكس و سكوزا لەلا دروست نەكردبن؟

بەهەر حاڵ مەبەستى ئێمە لە قووتكردنەوەى ئەم پرسيارانە، تەنها ورووژاندنى (هەندێ) گومانە، لە دەورى بۆچوونى ئەو (هەند)ە مژدەبەرانە كە پێيان وايە (هەندێ) لە خێڵە تەوتەميەكان تائەمڕۆيش هيچ پەيوەندييەك لەنێوان (سێكس) و (سكوزا)دا نابينن!

بەكورتى:

ئێمە پێمان وايە راستە تەوتەميەت سيستمێكى ئايينىيە" بەڵام لە هەمان كاتدا سيستمێكى كۆمەڵايەتيشە! ئەگەر تەنها سيستمێكى ئايينيى رووت بووايەت، رێى تێ دەچوو بەو رادەيەى كە ئەو هەندە موژدەبەرە باسى دەكەن، بەرچاوى خێڵە تەوتەميەكانى لێڵ بكردايە!

راستە لە سيستمى تەوتەميەتدا، نەريتێك هەيە بە پێى ئەو نەريتە مناڵ بۆ خێڵ لەبەرترە تاكو بۆ خێزان" بەڵام ئەمە بەو مانايە نايەت كە ئيتر خێڵە تەوتەميەكان بەتەواوى لە پرۆسەى گەشەى بايۆلۆجى بێئاگان و پێيان وايە مناڵ لە نوتفە (نطفة)ى شيرازە راگرى خێڵە (واتە لە نوتفەى تەوتەمە!) بەتايبەتييش ئەگەر بيرى ئەوەمان هەبێت كە لە ژيانى سێكسيى نێوان ژن و پياودا، تۆوى نێرينە بوونێكى بەرچاوى هەيە (ئەگەر هێلكەى ژنيش بەهەند وەرنەگرين).

دووپاتى دەكەينەوەو دەڵێين: ئەگەر بڕوامان وابێت خێڵى تەوتەمى لەبەر ئەوەى تەوتەمەكەيان بەئەسڵ و نەسەبى خۆيان دەزانن و لە رووى كۆمەڵايەتىيەوە مناڵەكانيان نەزرى خێڵ دەكەن و مەجازىيەن بەفەرزەندى (خێڵ– تەوتەم)يان دەدەنە قەڵەم، (ياخود لەبەر هەر هۆيەكى تر!) ئيدى تەواو لە پرۆسەى گەشەى بايۆلۆجى بێئاگان" ئەوە وەك ئەوە وايە پێمان وابێ لەناو مەسيحيە بەراييەكاندا (المسيحيين الاوائل) بەهۆى ئەوەوە كە مەسيح بەفەرزەندى خوا (إبن الله) زانراوە" ئيتر (يەك

کەس!) نەبووە پێی وابێت مەسیح لە (روح)ی خوا نییە و لە (نطفة)ی مرۆڤە... هەروەها وەك ئەوە وایە پێمان وابێت لەناو مەسیحیەکانی ئەم سەردەمەدا (تاقە یەك کەس!) نییە پێی وابێت مەسیح لە (نطفة)ی مرۆڤ نییە و لە (روح)ی خوایە!

بێگومان مەسیحیەت و تەوتەمیەت (سەبارەت بە ئیشکالیەتێکی وەك ئەمەی کە ئێمە لە هەوڵی تاووتوێکردنیداین) بەراورد هەڵناگرن! مەبەستیشمان لەو نموونەیەو لە هێنانە پێشەوەی رۆڵی (تاکەکەس- فرد)، قووتکردنەوەی گومانێکە لە لاوازترین ئیمانەوەو رۆنەچوونی زیاترە بەلایەنی بایۆلۆجیی مەسەلەکەدا (چونکە بایۆلۆجیا بواری شارەزایی ئێمە نییە و رەنگە بکەوینە هەڵەوە، یاخود رەنگە هەر ئێستایش کەوتبینە هەڵەوە!).

دەنا ئاشکرایە کە مەسیحیەت و تەوتەمیەت، لەسەر دوو زەمینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی جیاواز رسکاون و... هەریەکەیان لەگەڵ ئەزموون و کەلتووری تایبەت بەواقیعێکی جیاوازدا کەوتونەتە جەدەلەوە!

مەسیحیەت بەرەنجامی بەرخوردی ئاوەزێکی ئایینیی یەکتاپەرستە لەگەڵ ئایینێکی دیکەی یەکتاپەرستدا کە یەهوودیەتە" بەلام تەوتەمیەت بەرەنجامی بەرخوردی منالیی ئاوەزی مرۆڤایەتییە لەگەڵ زانستێکی دەستکورتی ساختەدا کە سیحرە.

مەسیحیەت نەك تەنها لەگەڵ دەرەوەی ئایینی مەسیحیدا، بەڵکو لەگەڵ خودی ئایینی مەسیحیەت خۆیشیدا، بەردەوام (لەسەرەتاوە تائێستا) لە جەدەلێکی فکری و کۆمەڵایەتیدا بووە (رێك وەك ئیسلام)... بۆ نموونە بڕوانە ئەو ناکۆکییەی کە هەر لەسەرەتای سەدەکانی بەرایی تەمەنیدا، لەسەر چەمکی (مەریەم دایکی عیسای خودا/ تیوتوکوس) و (مەریەم دایکی عیسای مرۆڤ/ کریستوکوس) کەوتە نێوان هەردوو رەوتی مەسیحیی (نسطوریوس)ی پەتریرکی (بیزنطیە)و (ئاریۆسیەکان)ەوە[58] (دروست وەك ئەو ناکۆکییەی لەسەر رێکخستنی ژیانی ئابووری موسوڵمانان، کەوتە نێوان ئیسلامی عثمان و ئیسلامەکەی ابوذر الغفاریی‌یەوە)(59)" بەلام تەوتەمیەت مێمل (خصم)ێکی وەهای نەبووە! بەڵکو بە پرۆسەی گەشەیەکی سروشتیی ئەزموونگەرایی ئاوەزدا (عملیة نمو طبیعي لتجريبية العقل) پەڕیوەتەوەو تەنها لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا (بەو حوکمەی هەم سیستمێکی کۆمەڵایەتیش بووە) سەبارەت بە پاساودان و دابەشکردنی دەسەلات، پێ دەچێت کەوتبێتە جۆرە جەدەلێکەوە لەناو خۆیدا.[60]

⋆ ⋆ ⋆

هەر بەمەبەستی ووردبوونەوەی زیاتر لە عەقلانیەت و ناعەقلانیەتی سلوکی مرۆڤی بەرایی، ئەم دوایەمین نموونەیەش کە دەربارەی خێڵە میلانزیە بەراییەکانە لە زمانی مالینۆفسکی‌یەوە دەگێڕینەوە:

لەجێگایەکی زێدی میلانزیەکان دەریاچەیەکی ناوخۆیی هەیە، کۆمەڵێ گوندی لێوە نزیکە، راوەماسی لەسەر ئەو دەریاچەیە، بەبێ دوودڵی و مەترسی (دون خطر أو شك) لەڕێی ژەهراویکردنی ئاوەکەوە ئەنجام دەدرێت. جگە لەوەی راوکردن لەسەر

ئەو دەریاچە ناوخۆیییە یەجگار ئاسانە و بەبڕوا بەخۆبوونێکی تەواوەوە ئەنجام دەدرێت" دەسکەوتێکی باشیشی هەیەو هەموویان لەئەنجامی مسۆگەریی راوەکەیان و ژیانی خۆیشیان دڵنیان.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە: راوەماسی لەسەر ئەو دەریاچە ناوخۆیییە، هیچ کردەوەیەکی سیحریی لەگەڵ ئەنجام نادرێت!

کەچی لەدەریای گەورەو کراوەدا کە خەتەریاتی زۆرەو مەسەلەی دەسکەوت بەندە بە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ماسییەوەو کەسیان دڵنیانین لەوەی ئایا بەرهەمیان دەبێت یان بەرهەمیان نابێت؟ بەسەلامەتی دەگەڕێنەوە لە دەریا یان تیایا دەخنکێن؟ لەویٚ کردەوەی سیحری بەشێوەیەکی زۆر فراوان ئەنجام دەدەن.(61) (بێگومان بەمەبەستی مسۆگەرکردنی دەسکەوت و بێوەیی خۆیشیان).

لێرەدا دەبینین سلوکی کۆمەڵگا بەراییەکان، زۆر لە سلوکی کۆمەڵگا ئایینییە یەکتاپەرستەکانی ئەم سەردەمە دەچێت!

بۆ نموونە سەیری کۆمەڵگای کوردەواری بکە" کاتێك دەست دەدەنە ئیشێکی سووکەو مسۆگەر" دوعا ناخوێنن! کەچی کاتێك تاوی کارێکی گران و سەرەنجام ئاڵۆز دەدەن، دوعاو ئایەت دەخوێنن.

مرۆڤی کۆمەڵگە بەراییەکان (وەك مالینۆفسکی لێیان دەگێڕیتەوە)(62) بەیەك دنیا ترس و لەرز و دڵەڕاوکیٚو پەنا بردن بۆ چەندەها جۆر کردەوەی سیحرییەوە، دەچنە ئەو شەڕە نابەرابەرانەوە کەتیایاندا سەردەربردن و سەردەرنەبردن، مان و نەمان، شکست و سەرکەوتن" لە عیلمی کەسدا نییە!

مەگەر مرۆڤی بڕوادار بەیەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلامیش، هەر خودانی هەمان سلوك نین؟!

ئایا بڕوا بوون بە هێزی سیحریی ئەو خاچەی کە مەسیحییەك (پێش، یاخود: پاش) گۆڵەکانی خۆی و تیپەکەی لەساحەی فوتبۆڵێندا لە هەوادا (یاخود لەسەر سنگی خۆی) وێنەی دەکێشیٚ، چیی زیاترە لە هەمان بڕوای کەسێکی تەوتەمی، کە بەتوانا سیحریەکانی ئاژەڵێك، یاخود رووەکێك، یان دیاردەیەکی سروشتی هەیەتی؟!

ئایا بڕوا بوون بە تواناو سیحری ئەو (فوو)ەی کە موسوڵمانێك دوای خوێندنی ئایەتەل کورسی، لەدەمیەوە بڵاوی دەکاتەوە بەملاولای خۆیدا، یاخود بەسەر هەر کەسێکدا کە بێوەییی بۆ بخوازێت، چیی زیاترە لەو بڕواو ئیمانەی کە مرۆڤی بەرایی بە (سیحر) هەیبووە؟

رەنگە جیاوازیی نێوان سلوك و ئیمانی ئەو دوو تەرزە مرۆڤە، تەنها لەوەدابێت: مرۆڤی بەرایی لەسەردەم و ژینگەیەکدا ئەوە سلوکی بووە کە زانست لەئارادا نەبووە، یاخود زانست بەوڕادەیە بڵاونەبووبۆوە کە ببێتە هێزێکی کاریگەر لە ژیاندا..." بەڵام ئەمڕۆ، مرۆڤی کۆمەڵگا یەکتاپەرستەکان لەسەردەمی لووتکەی گەشەسەندنی زانستدا ئەمە سلوك و ئیمانیانە!!

* * *

**ئەنجام:**

لەوەڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم نووسینەدا کەتیایدا هاتبوو: (دەبێت سیستمی بیرکردنەوە لەلای یەکەمین کۆمەڵگەو دەستەو تاقمی –پرسا– چۆن چۆنی بووبێت؟) هاوڕا لەگەڵ (مالینۆفسکی)دا دەڵێم:

مرۆڤی سەرەتایی دوو جیهانی هەیە.. یەکێکیان جیهانە دنیاییەکەیەتی کە چالاکیە پراکتیکیەکانی و تێڕوانینە عەقڵانیەکانی دەگرێتەوە..“ ئەوی تریان جیهانە پیرۆزو ئاینییەکەیەتی کە عیبادەت و بیروباوەڕەکانی دەگرێتەوە... لە هەموو کاتێکیشدا سلوکی عەقڵانی و سلوکی ناعەقڵانی بەجیا لە یەکتر رادەگرێ و توانای هەیە بەرەنجامی هەریەکێك لەو دوو سلوکە لەیەکتر جیابکاتەوە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


1–دین الانسان/ فراس السواح/ الطبعة الثالثة/ دمشق– .1998

2–الفلكلور في العهد القديم/ جيمس فريزر/ ت: د. نبيلة ابراهيم/ الجزء الاول/ مصر– .1972

3–هەمان سەرچاوە.

4–السحر و العلم والدين/ برنسلاو مالينوفسكى/ ت: د. فيليب عطية/ مصر– 1995.

5–دين الانسان/ فراس السواح

6–هەمان سەرچاوە

7–هەمان سەرچاوەی پێشوو

8–هەمان سەرچاوەی پێشوو

9–هەمان سەرچاوەی پێشوو

10–هەمان سەرچاوەی پێشوو

11–هەمان سەرچاوەی پێشوو

12–هەمان سەرچاوەی پێشوو

13–بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو

14–الطوطمية و شعر النساء/ د. فوزى رشيد/ مجلة (التراث الشعبي)/ العدد؟خريف 1989– بغداد

15–الانسان و قواه الخفية/ كولن ولسن

16–السحر و العلم و الدين/ برنسلاو مالينوفسكى

17–هەمان سەرچاوە

18–هەمان سەرچاوەی پێشوو

19–الله و الانسان/ كارين ارمسترونغ/ ت: محمد الجورا/ دمشق– .1996

20-بۆ ئەو كورتەیە سوودم بینیووە لە: الطوطم و الحرام- سیجموند فروید، الطوطمیة و شعر النساء- د. فوزی رشید (مجلة التراث الشعبي)، و چەند سەرچاوەیەكی تر.
21-مذاهب وملل و أساطیر/ جاك كالیبو، نیكول كالیبو/ ت: فارس غصوب/ بیروت- ,1997
22-هەمان سەرچاوە
23-هەمان سەرچاوەی پێشوو
24-في مقدمة للطبعة العربیة لكتاب (الفلكلور في العهد القدیم/ جیمس فریزر)
25-بۆ زانیاریت بڕوانە هەردوو جوزئەكەی (الفلكلور في العهد القدیم) جیمس فریزر.
27-مختار الأحادیث النبویة و الحكم المحمدیة/ محمد الهاشمي بك- .1951
28-التفكیر العلمي/ د. فؤاد زكریا/ الطبعة الثالثة/ كویت -1988. (سلسلة عالم المعرفة)
29-هەمان سەرچاوە
30-هەمان سەرچاوەی پێشوو
31-هەمان سەرچاوەی پێشوو
32-السحر و العلم و الدین/ برنسلاو مالینوفسكی
33-هەمان سەرچاوە
34-هەمان سەرچاوەی پێشوو
35-هەمان سەرچاوەی پێشوو
36-هەمان سەرچاوەی پێشوو
37-هەمان سەرچاوەی پێشوو
38-هەمان سەرچاوەی پێشوو
39-هەمان سەرچاوەی پێشوو
40-هەمان سەرچاوەی پێشوو
41-هەمان سەرچاوەی پێشوو
42-هەمان سەرچاوەی پێشوو
43-هەمان سەرچاوەی پێشوو
44-هەمان سەرچاوەی پێشوو
45-هەمان سەرچاوەی پێشوو
46-هەمان سەرچاوەی پێشوو
47-الجنس فی العالم القدیم/ بول فریشاور/ ت: فائق دحدوح/ دمشق- .1999
48-هەمان سەرچاوە
49-هەمان سەرچاوەی پێشوو

50-هەمان سەرچاوەی پێشوو
51-هەمان سەرچاوەی پێشوو
52-بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو (بۆ زانیاریت)
53-هەمان سەرچاوەی پێشوو
54-بۆزانیاریت بڕوانە: مغامرة العقل الاولى/ فراس السواح
55-الجنس في العالم القديم/ بول فريشاور
56-هەمان سەرچاوە